https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.01

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# دابەشبوونی جووەکان لە کوردستانی عێراقدا ١٩٢١-١٩٥١

پ. د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
زانکۆی سەلاحەدین
makakasur@yahoo.com

م. ستار شێخ حەسەن
زانکۆی سۆران
star.hasan@soran.edu.iq

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە دابەشبوونی جووەکان لە کوردستانی عێراق و ئامارەکانیان لە ماوەی ساڵانی ١٩٢١-١٩٥١ ڕووندەکاتەوە کە وەک پێکهاتەیەکی دێرین لە سەردەمی ئاشوورییەکانەوە تا کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل، بەبێ دابڕان لە کوردستان ژیاون و بەسەر ناوچە جیاوازەکان دابەشبوون، لەهەمان کاتدا پارێزگارییان لە ناسنامەی خۆیان کردووە، لە پێکەوەژیان و مۆزایکی کوردستان و لە کایە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا بەشداریی کارایان هەبووە.

لە توێژینەوەکەدا بەڵگەنامە فەرمی و نافەرمییە مێژووییەکان وەک سەرچاوەی سەرەکیی دەسکەوتنی ئامارەکان سوودیان لێوەرگیراوە و بەراوردکاری و شیکردنەوە بۆ داتا دەستخراوەکان کراوە.

توێژیەنەوەکە دەریخستووە جووەکان لە هەموو کوردستانی عێراقدا بە ڕێژەی جیاواز بڵاوبوونەتەوە و خۆیان گرێنەداوە بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە، لەهەر شوێنێک ژیان هەبووبێت ئەوان لەوێ هەبوونە، بە ڕێژەی زیاتر لە ناوەندە بازرگانی و ئابوورییەکان نیشتەجێبوون، بە تایبەتی ناوەندی شارە گەورەکان و شارە سنوورییە بازرگانییەکانی سەر سنووری ئێران و تورکیا، بەمەش ڕێژەی شارنشینەکانیان زیاتر بووە لە گوندنشینەکان، ئەمەش پێگەی فرە ڕەهەندیی جووەکان لە کوردستان ڕووندەکاتەوە.

وشە کلیلییەکان: جوو، کوردستان، شارنشین، گوندنشین، ڕێژە.

## دابەشبوونی جووەکان لە کوردستانی عێراقدا ١٩٢١-١٩٥١

### پێشەکی:

جووەکان یەکێک لە پێکهاتە ئاینی و ئەتنیکییەکانی کوردستان بوون، کە سەردەمێکی زۆر لەپاڵ پێکهاتەکانی دیکە لەسەر ئەم زەمینە ژیاون و بوونەتە بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردستانی و لە پەرەسەندنە مێژووییەکاندا بەپێی قەبارەی خۆیان پشکدارییان کردووە، ئەوان هەرچەند کەمینەی نێو کۆمەڵگەی کوردستان بوون، بەڵام شوێندەستیان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دیارە و شوێنەوارەکانیان گەواهی ئەو دانەبڕانەیانە لە ڕەوتی مێژووی ناوچەکەدا.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە کە بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەی هەمەچەشن و هەمەلایەنە قەبارە و پێگەی کۆمەڵایەتیی پێکهاتەی جوو لە کوردستانی عێراقمان لەماوەی ١٩٢١-١٩٥١ بۆ دەردەخات کە سەرەنجام ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە کاریگەری لەسەر پیشهاتە جۆربەجۆرەکان هەبووە و دەکرێ دیسان ببێتە کەرەسە بۆ توێژینەوەی جۆراوجۆر.

توێژیەوەکە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا گەڕاوە کە جووەکان چۆن لە کوردستان دابەشبوونە و خەسڵەتەکانی ئەو شوێنانەی تێیدا ژیاون چی بوون و پاڵنەری هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونیان چی بووە، تاکو لەو ڕێگەیەوە لە پێگە و هزر و پلانی ژیانیان لە کوردستان تێبگەین.

ئەم توێژینەوەیە باس لە دابەشبوونی جووەکان لە کوردستانی عێراق لە ساڵانی ١٩٢١-١٩٥١ دەکات، تێیدا ڕێبازی شیکاری بەراوردکاری پەیڕەوکراوە، بابەتیانە داتا و ئاماری تایبەت بەم پێکهاتە خراونەتەڕوو و ڕێژەیان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان دیاریکراون، ئامار و

شوێنی نیشتەجێبوونیان دیاریکراوە و خوێندنەوەی زانستییان بۆ کراوە، لەگەڵ پاڵنەرەکانی دابەشبوونەکە و هۆکارە بەردەوامەکانی گۆڕانکاری لە باری دیمۆگرافی دانیشتوانیان بەپێی تایبەتمەندی و سروشتی ژیانیان لە ناوچە جۆربەجۆرەکان و پێشهاتەکان.

لە توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت کە جووەکانی کوردستان بە شێوەیەکی سیستماتیک لە زۆربەی ناوچەکان بڵاوببوونەوە و پێکهێنەری سەرەکیی ئەو کۆمەڵگەیە بوون کە تێیدا ژیاون، هۆکاری ئەو جۆرە دابەشبوونەش پەیوەندی بە کۆمەڵێک خاڵی سەرەکییەوە هەبووە، لەوانە پاشخانی مێژوویی پەرتبوونیان لە ناوچەکە دوای ڕاگواستنیان لە سەردەمی ئاشوورییەکانەوە، فەلسەفەی بیری ئابووری، کە زاڵبووە بەسەر هەنگاوهەڵێنانی جووەکان و لەم ڕووەشەوە بەدوای باشترین شوێندا گەڕاون، بۆیە ناوەندی شارە گەورە و بازرگانییەکان لە سەرانسەری کوردستان گەورەترین کۆمەڵگەی ئەوانی تێدابووە، کشتوکاڵکردن و پێویستیی گوندەکانیش بە بەرهەمی دەستی ئەوان بەشێکی دیکەی بۆ ئەو ناوچانە ڕاکێشاوە. لەلایەکی دیکەشەوە، یاسا و دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن و دابە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵیان لە دابەشبوونی جووەکان لە کوردستاندا هەبووە.

لە توێژینەوەکەدا پشت بەو سەرچاوانە بەستراوە کە شوێنی نیشتەجێبوون و ئاماری جووەکان لەو ماوەیەدا دەخەنەبەردەست، بە تایبەتی ئاماری لایەنە جیاوازەکانی خاوەن هەژموون و بەرژەوەندی لە ناوچەکە، لەسەرووی هەمووشیانەوە داتای بەریتانییەکان لە عێراق لە قۆناغە جیاوازەکان بەهەند وەرگیراون، جگە لە زانیاریی تورکەکان و دەوڵەتی عێراقی و کەسانی بایەخدەر بە ناوچەکە، لەوانیش گرنگتر ئامارەکانی سەرژمێرییەکانە بە تایبەتی سەرژمێریی گشتی عێراق لە ساڵی ١٩٤٧ وەک دەوڵەمەندترین سەرچاوەی داتا لەبارەی ژمارە و شوێن و

تایبەتمەندیەکانی جووەکان بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ شیکردنەوەکان، بەڵام ئەم سەرژمێرییە لە قۆناغەکانی کۆتایی بوونیان بووە لە ناوچەکەدا و قۆناغەکانی پێشتر بەم وردییە لەبارەیانەوە نازانرێ، هەربۆیەش بۆ ئەوەی وێنەیەکی گشتیی دابەشبوونی ئەو پێکهاتەیەمان بۆ دربکەوێت، پەنا براوەتەبەر داتا جۆربەجۆرەکانی بەر لەو سەرژمێرییە و لەگەڵ یەکتردا بەراوردکراون.

## دابەشبوونی جووەکان لە کوردستانی عێراق بەپێی ئامارە لاوەکییەکان:

کوردستان یەکێکە لەو ناوەندە سەرەکییانەی ڕۆژهەڵات کە جووەکانی تێدا نیشتەجێبوون و سەردەمێکی زۆر تێیدا ژیاون، وەک پێکهاتەیەکی ئاینی ئەتنیکی لە سەردەمی ئاشوورییەکانەوە (٩١١-٦١٢ پ.ز) دوای بە دیل هێنانیان لە کوردستان بڵاوبوونەتەوە[١]، ئاینەکەشیان یەکێکە لە سێ ئاینە یەکتاپەرستییە گەورەکە، بە حوکمی زنجیرەی مێژوویی پێش هەردوو ئاینی مەسیحی و ئیسلام لە کوردستان هەبووە، لە ساڵی ٧٢٢ پ.ز[٢] تاکو کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٥١[٣]، بەبێ دابڕان لە ناوچەکە ژیاون، ئەو ماوەیەش دەکاتە زیاتر لە ٢٦٥٠ ساڵ ژیانی جووەکان لە کوردستان.

بە درێژایی ئەو مێژووەی لە کوردستاندا ژیاون، جووەکان ناسنامەی خۆیان پاراستووە و پەیڕەوی ئاین و یاسا و نەریتەکانی خۆیان کردووە، نهێنیی ئەو مانەوەیەش لەمەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە ژیانی ئاوارەیی و دوورەوڵاتیی ئەو هێز و وزە و هەستەی پێدەبەخشین کە زیاتر وابەستەی بیروباوەڕ و نیشتیمانی خۆیان بن، چونکە ڕاگواستن و لەدەستدانی نیشتیمانیان بە سوکایەتی و شکۆشکاندن دەبینی، بۆیە هەمیشە بەدوای گەڕانەوەی شکۆیەکەیاندا بوون، ئەویش بە خۆڕاگری و

نەتوانەوە و پابەندبوونیان بە بیروباوەڕەکەیان دەکرا، کە دەبووە سەرچاوەی وزە بۆیان.

بە گشتی جووەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بەشێکی فراوانی کوردستانی عێراق نیشتەجێبوونە، بە جۆرێک کە دابەشبوونێکی سیستماتیکی پێوەدیارە و هەر لە کۆنەوە لە زۆربەی ناوچەکان و لە سەردەمی نوێشدا لە بەشی هەرەزۆری یەکە کارگێڕییەکانی کوردستانی عێراق ئامادەییان هەبووە، لە هەموو لیواکانی ئەو کاتی کوردستانی عێراق و ئەو لیوایانەی عێراق کە بەشێکیان کوردستان بووە بە ڕێژەی جیاواز نیشتەجێبوون، جگە لە سەنتەری شارە گەورەکان کە شوێنی نیشتەجێبوونی زۆرینەیان بووە، ژمارەیەکی زۆریشیان لە قەزا و ناحیە و گوندەکان ژیاون، بە پێچەوانەی ئەو تایبەتمەندییەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەیانبووە ئەو کۆمەڵگە داخراو و دابڕاوانەیان نەبووە، کە بە جیتۆ (Ghetto)[٤] ناسراوە، تەنانەت جیاواز لە تایبەتمەندییان لە هەندێ وڵاتی عەرەبی وەک میسر و یەمەن (سعاد إبراهيم عباس، ٢٠٠٩: ١٧٦)، تێبینیدەکرێت لە دابەشبوونیان لە کوردستان خۆیان بە یەک سەنتەر و شوێنی دیاریکراو نەبەستۆتەوە، بەڵکو بە گرووپی بچووکیش بڵاوبوونەتەوە و لە یەکتر دابڕاون، بە شێوەیەک لە گرووپی هەرە گەورە لە سەنتەری شارە گەورەکان تا گرووپی هەرە بچووک لەوپەڕی سنوورەکان و ناوچە دوورەدەست و سەختەکان.

ئەگەرچی جووەکان لە شار و گوندەکانیش هەوڵیانداوە لە دەوری یەکتردابن و دوورەپەرێز بن لە خەڵکی دیکە، بەڵام لە زۆر شوێندا مەودای نێوانیان زۆر کەم بووە و تەنانەت هاوسێ و تێکەڵاویش بوون، بە تایبەتی لە گوندەکان بەپێی سروشتی جوگرافی و ژیان تێیاندا لێکدابڕاو نەبوون، تەنانەت لە شارەکانیش ئەگەرچی گەڕەکی خۆیان هەبووە، لەهەمان کاتدا ئەو گەڕەکانە داخراو نەبوون و خەڵکی دیکەشیان تێدا

ژیاوە، بۆ نموونە گەڕەکی تەعجیلی جووەکان لە هەولێر تاڕادەیەک تێکەڵاوبوو، هەرچەندە کۆڵانێکی درێژیان هەبوو زۆربەی جوو بوون، بەڵام لەوێشداماڵە موسڵمان هەبوون. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەوانیش تەنها خۆیان بە گەڕەکێک نەبەستۆتەوە، لە هەندێک گەڕەک و کۆڵاندا تێکەڵ لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە ژیاون، هەروەک ماڵی موختاری جووەکان لە هەولێر لەو کۆڵانەدا بوو کە زۆربەیان موسڵمان بوون. (مارف خەزنەدار، ٢٠٠٩: ٦٤-٦٥)

سەبارەت بە شارەکان ئەوا شتێکی ئاساییە بەهۆی مەڵبەندی شارستانی و بازاڕ و کاروباری فەرمی و بوونی دامودەزگا جۆربەجۆرەکانی شارستانیەت، وەک هەر خەڵکێکی دیکە زۆرینەی جووەکان لەو مەڵبەندانەدا ژیاون، بەڵام سەبارەت بە ناوچە سنووری و عەشایەری و گوندەکان ئەوا کۆمەڵێک فاکتەر جووەکانی ڕاکێشاوە بۆ نیشتەجێبوون، لەوانە سروشتی ناوچەکان و دەستکەوتنی سەرچاوەی بژێوی، دووری لە چاودێریی حکومەت، سروشتی ژیانی ئەو ناوچانە کە لەگەڵ ئارەزووی ئەو جووانە هاتۆتەوە، بوونی یاسا و دابە کۆمەڵایەتییەکان و هەستکردن بە پارێزراوی لە سایەی ئەو پرەنسیپانە، بە تایبەتی زاڵبوونی دەسەڵاتی سەرۆکهۆز و کەسایەتییەکان کە دەیانتوانی بە ئاسانتر لە ڕێگەی ئەوانەوە خۆیان بپارێزن و بژین (مردخاي زاكن، ٢٠١٣: ٤٨)، کە ئەمەیان لەهەمووان کاریگەرتر بووە بۆ بەردەوامیدانی جووەکان و مانەوەیان لە ناوچە عەشایەری و سەختەکاندا، ئەمەش بۆ ئەوان وەک کەمینەیەکی بێدەسەڵات لەپێش هەموو شتێکەوەبوو.

لەماوە سالانی ١٩٢١-١٩٥١ سەنتەری شارەکان مەڵبەندی سەرەکی نیشتەجێبوونی جووەکان بووە. بە مانایەکی تر، هەریەک لە سەنتەری هەولێر و سلێمانی و کەرکوک لە لیوای موسڵیش سەنتەری موسڵ،

زۆرترین جووەکانی سنووری ئەو لیوایەیان لەخۆگرتووە، هەروەک لەدوای ئەوانیش قەزاکان و ناحیەکان دێن، لە هەموو ئەو شوێنانەش گەڕەک و کۆڵانی تایبەت بەخۆیان هەبووە و شوێنێکی گونجاویان هەڵبژاردووە بۆ ژیان، وەک گەڕەکی تەعجیل (ماخاله تعجیل) لە هەولێر، گەڕەکی جوولەکان (ماخاله هودای) لە سلێمانی، محەلا جوهیا لە دهۆک، لە کەرکوک گەڕەکی پیریادی موسەوی، لە زاخۆ محەلا جهیا (ماخالیت هوزیعه)، لە ئامێدی محەلا جوهیا (ماخالیت هودی)، محەلا جوستی لە ئاکرێ، لە هەڵەبجە گەرەکی جوولەکان و لە خانەقین گەڕەکی جوولەکە (هەڵوێست عمر قادر،٢٠٠٧: ٤١).

بە شێوەیەکی گشتی ئەو دابەشکارییەی جووەکان بەپێی کات گۆڕانکاری بەسەداهاتووە، لە ڕووی ژمارەشەوە بەهەمان شێوە هەڵکشان و داکشانی تێدا بەرچاودەکەوێت، هەروەک لە ئامارەکان بەدیاردەکەوێت، بەشێکی زۆری ئەو گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەش وابەستەی ئەو کۆچ و خۆگرێنەدانەی جووەکانەوەیە بە زەوی و شوێنێکی دیاریکراوەوە.

سەبارەت بە ژمارەی جووەکانی کوردستان و عێراق، لەبەرئەوەی بەر لە ساڵی ١٩٤٧ سەرژمێریی ورد و سەرانسەری و گشتگیر ئەنجامنەدراوە، ئەوەی بەردەستە ئەو ژمارە نافەرمی و مەزندەکراوانەن کە بەریتانییەکان خستوویانەتە بەردەست، یان لەکاتی کێشەی ویلایەتی موسڵدا لایەنە سەرەکییەکانی کێشەکە (تورکیا، بەریتانیا و عێراق) و لیژنە نێودەوڵەتییەکان لە ڕاپۆرتەکانیاندا ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکەیان خستۆتەڕوو، یان گەڕیدەکان ئاماژەیان پێکردوون، جگە لە سەرژمێرییە لاوەکییەکانی دامودەزگا حکومییەکان، ئەمەش زانیاریی ورد و دروست نین، ئەگەرچی وێنەیەکی گشتی دەخەنەڕوو، بەڵام ناتوانرێ وەک ڕاستیی ڕەها و یەکلاکەرەوە وەربگیرێن و لێکدانەوەی تەواو زانستییانەی لەسەر بنیادبنرێ.

لە ماوەی ململانێیەکانی کێشەی ویلایەتی موسڵ، هەریەک لە سێ وڵاتە سەرەکییەکەی کێشەکە داتا و ژمارەی جیاوازیان لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی ویلایەتی موسڵ پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان کردووە، ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانیا بە داتای ساڵی ١٩٢١ و عێراق بە داتای ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٤ و تورکیا بە داتای ساڵی ١٩٢٣ ژمارەی جووەکانی ویلایەتەکەیان خستۆتەڕوو (عزیز الحاج، ١٩٨٤: ٨١؛ جرجیس فتح الله، ٢٠٠٢: ٥٣٥؛ عبدالرحمان قاسملوو، ٢٠٠٧: ٧٨)، لەنێو ئەو ئامارانەشدا هەریەکە ژمارەی جووەکانی بەجۆرێک دیاریکردووە، وەک لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت.

ئاماری جووەکانی لیوای موسڵ لە سەرەتاکانی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم:

| لایەنەکان | ژمارەی جووەکان | کۆی گشتی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ | ڕێژەی جووەکان |
|---|---|---|---|
| سەرژمێری بریتانی ١٩٢١ | ١٦٨٦٥ | ٧٨٥٤٦٨ | ٪٢.١٤ |
| سەرژمێری عێراقی ١٩٢٢-١٩٢٤ | ١١٨٩٧ | ٨٠١٠٩٠ | ٪١.٤٨ |
| سەرژمێری تورکی ١٩٢٣ | ٣١٠٠٠ مەسیحی و جوو | ٦٧٣٠٠٠ | ٪٤.٦٠ مەسیحی و جوو |

بەپێی ئەو ژمارانەی پێشکەشیان کردووە، جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان ژمارەی مەزندەکراوی هەریەک لە تورک و بەریتانیا و عێراق بۆ جووەکانی ویلایەتی موسڵ بەرچاودەکەوێت، هەرچەندە تورک ژمارەی مەسیحی و جووەکانی پێکەوە داناوە بە ٣١٠٠٠ کەس، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی ئامارە بەریتانی و عێراقییەکە مەسیحییەکان بە تەنیا لەو ژمارەیە زیاتر بوونە (جرجیس فتح الله، ٢٠٠٢: ٥٣٥)، ئەمە جگە لەوەی خەمڵاندنی عێراقییەکانیش لەگەڵ بەریتانییەکان جیاوازییان هەیە، تەنانەت ئاماری خودی لایەنێکیش لە سەرچاوەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە،

هەروەک شا فەیسەل لە پێشوازی لیژنە نێودەوڵەتییەکە لە ١٩٢٤ لەبارەی پێکهاتەکانی ویلایەتی موسڵ ژمارەی جووەکانی بە ٦٠٠٠ جوو ڕاگەیاندووە (جەبار قادر، ٢٠٢٢: ٢٧١)، لەکاتێکدا ئاماری وڵاتەکەی ژمارەیەکی دیکەیە، هەموو ئەو یاریکردنە بە ژمارەکان وابەستەی ململانێی نێوان هەریەکە لەو وڵاتانە لەسەر چارەنووسی ولایەتەکە و بەرژەوەندی و پلانی سیاسیی لایەنەکان بووە، ئەمەش گەواهی نادروستیی ئەو ژمارانەیە، کە ئەو لایەنانە بانگەشەیان بۆ کردووە.

لە هەمان سەرژمێری بۆ لیوای موسڵ بە تەنها کە بەشی زۆری ناوچەی بادینانە، ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانیا ژمارەی جووەکانیان بە ٩٦٦٥ کەس و حکومەتی عێراقیش بە ٣٥٧٥ کەسی داناوە کە جیاوازیی نێوانیان دوو هێندە زیاترە، هەرچی ئەو ژمارەی کە تورکەکان دایانناوە هەمان ژمارەی ولایەتەکەیە کە بە جوو و مەسیحیەوە ٣١٠٠٠ کەسە (جرجیس فتح الله، ٢٠٠٢: ٥٣٥)، دیارە ئەو ژمارەیەش ورد نییە، ئەمەش لەبەر هۆکارێکی سادە کە ناکرێت ژمارەی جووەکانی لیوای موسڵ یەکسان بێت بە ژمارەی جووەکانی هەموو ویلایەتەکە، لەکاتێکدا جووەکانی ویلایەتەکە لە هەموو لیواکان بڵاوببوونەوە و بەشێکیان کەوتبوونە لیواکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک.

هەر لەماوەی کێشەی ویلایەتی موسڵدا، ئینار ڤێرسن٥ و لیژنەی نێودەوڵەتیی سەر بە کۆمەڵەی گەلان بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و عێراق ژمارەی جووەکانی ویلایەتی موسڵیان بەم جۆرە خەمڵاندووە:

| لیوا | خەملاندنی ئێنار ڤێرسن ١٩٢٥ (جرجيس فتح الله، ٢٠٠٢: ٢٧٧ ٢٧٩ ؛ جبار قادر، ٢٠٠٦: ١٠٥) | لیژنەی نێودەوڵەتی دیاریکردنی سنوری تورکیا و عێراق ١٩٢٥ (جرجيس فتح الله، ٢٠٠٢: ٦٤٣ ٦٤٦) |
|---|---|---|
| هەولێر | کەمتر لە ٣٠٠٠ | ٢٧٥٠ |
| سلێمانی | ١٥٥٠ | ١٥٥٠ |
| کەرکوک | | |
| موسڵ | ٨٠٠٠٠ | ٧٥٥٠ (٤٠٠٠ لەناو موسڵ) |
| کۆی گشتی | ٨٤٥٥٠ | ١١٨٥٠ |

لە خەملاندنەکانی ڤێرسن و لیژنە نێودەوڵەتییەکەشدا ژمارەی جووەکانی لیواکانی هەولێر و سلێمانی تا ڕادەیەک لە سەرژمێرییەکانی دیکە نزیکە و لۆژیکین، بەڵام سەبارەت بە ژمارەیان لە لیوای موسڵ ئەوا ڤێرسن ژمارەیەکی گەورەی تۆمارکردووە، کە هەشتا هەزار کەسە. ئەمەش زۆر جیاواز و دوورە لە هەموو سەرژمێری و خەملاندنەکانی دیکە، بۆیە پێدەچێت هەڵەیەک لەو ژمارەیەدا هەبێت، بۆ نموونە پێدەچێت بە نزیکەیی هەشت هەزار بێت کە لە ژمارەی سەرژمێرییەکانی دیکە و مەزندەی لیژنە نێودەوڵەتییەکەش نزیکە کە ٧٥٥٠ کەسی داناوە، هەروەک چۆن ناوبراو ژمارەی جووەکانی هەولێری بە کەمتر لە ٣٠٠٠ داناوە لە بەرانبەردا لیژنە نێودەوڵەتییەکە وردتر بە ٢٧٥٠ کەسی داناوە، ئەمەش جارێکی دیکە گومان دەخاتەسەر ژمارە و داتاکان، ئەوەی ئەو لێکدانەوەیەش زیاتر پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە هەردوو خەملاندنەکە لەیەک سەرچاوەوە هاتوون، چونکە ڤێرسن خۆی لە لیژنەی نێودەوڵەتیی کێشەی ویلایەتی موسڵ ئەندام بووە و لە کۆکردنەوەی داتاکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان بۆ کۆمەڵەی گەلان بەشداربووە، بە تایبەتی کە دەبینین لە هەردووکیاندا ژمارەی جووەکانی لیوای کەرکوک فەرامۆشکراوە، ژمارەی لیوای سلێمانیش هاوشێوەن، لە ژمارەی هەولێریشدا ڤێرسن بە نزیکەیی دەڵێت کەمتر لە ٣٠٠٠ کەس، بەڵام لە ڕاپۆرتی لیژنەکە بە وردی ٢٧٥٠ کەسی داناوە کە هەمان ژمارەی ڤێرسن

دەگەیێنێت، ئەوەی جارێکی دیکە وردنەبوونی ژمارەکان دەردەخەن ئاماژەنەکردنە بە هیچ ژمارەیەک بۆ جووەکانی لیوای کەرکوک لەکاتێکدا بوونێکی گەورەی حاشا هەڵنەگریان لەو لیوایەدا هەبووە، لە ڕاستیشدا هۆکاری فەرامۆشکردنی ژمارەی جووەکانی کەرکوک ناڕوونە ئاخۆ هەڵەی تەکنیکی بووە یان دەست نەگەیشتنیانە بە داتاکان، یان هەر بە ئەنقەست بووە.

هەندێ ئاماری نیمچە فەرمی لە ماوەی ئینتیدابی بەریتانی لە عێراقدا بەردەستن، کە دەریدەخەن جووەکان بە ژمارەی جیاواز بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستان دابەشبوونە، لە دوو سەردەمی جیاوازدا دوو ئاماری بەریتانییەکان بەردەستن سەبارەت بە جووەکانی ناوچەکە، جگە لەو بەشەی کوردستان کە کەوتبوونە سنووری کارگێڕیی لیواکانی دیالە و کوت، هەروەک لەم خشتەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە (یوسف غنیمة، ٢٠٠٩: ٢٠٩-٢١٠ ؛ سەلمان عەلی، ٢٠٠٥: ٢٣ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، ٢٠١٣: ٢١٧):

| لیواکانی کوردستان | ژمارەی جووەکان بەپێی ئاماری بریتانییەکان لە سالانی ١٩١٩ ١٩٢١ | ژمارەی جووەکان بەپێی بەڵگەنامەیەکی بریتانی لە ساڵی ١٩٣٠ |
|---|---|---|
| هەولێر | ٤٨٠٠ | ٣٢٢٥ |
| سلێمانی | ١٠٠٠ | ١٣٢٧ |
| کەرکوک | ١٤٠٠ | ٨٤٧٢ |
| موسڵ | ٧٦٣٥ هەموو لیوا | ٤١٤٦ ناوچە کوردیەکان |
| کۆی گشتی | ١٤٨٣٥ | ١٦١٧٠ |

ئەو داتایانەی بەریتانییەکان هەرچەندە وردنین، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنیان بەهۆی نەبوونی داتای دیکەی لەوە باشتر لەو ماوەیەدا، بۆمان دەردەکەوێت لە ئاماری یەکەمدا کە لە سەرەتای ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستدا تۆمارکراون لیوای هەولێر زۆرترین ژمارەی جووەکانی کوردستانی تێدابووە بە ٤٨٠٠ کەس، لای خۆشیانەوە سەرچاوەکانی جوو

هەمان ژمارەی خەمڵێنراویان بۆ جووەکانی هەولێر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و ساڵی ١٩١٩ داناوە ( Encyclopaedia Judaica, 2nd Vol 10: 24-25)، بەمەش لە ١٩١٩-١٩٢١ ژمارەیان زیاتر بووە لەچاو ئاماری ساڵی ١٩٣٠، واتە دوای دە ساڵ لە هەولێر ژمارەیان کەمی کردووە بۆ ٣٢٢٥ کەس لە جیاتی زیادبوونیان. لەلایەکی دیکەشەوە، بەپێی سەرژمێرییەکی دەزگا کارگێڕییە حکومییەکان لە هەولێر لە ساڵی ١٩٢٩ ژمارەی مەسیحی و جووەکان پێکەوە لە لیوای هەولێر بە ٥٣٧٦ کەس دانراوە (عثمان علي، ٢٠٠٨: ١٧٧).

دیارە لە ڕاستیبوونی ئەو داتایانە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی جووەکانی هەولێر تەنها یەک هۆکاری سەرەکی هەیە، ئەویش کۆچکردنیانە لەماوەی دوای سەرژمێری یەکەم بە پلەی یەکەم بۆ موسڵ و بەغدا بە ئەندازەیەکی کەمتریش بۆ فەلەستین کە لەو ماوەیەدا ئەو دیاردەیە دەستیپێکردبوو، چونکە بەپێی سەرچاوە ئیسرائیلییەکان لە ماوەی نێوان ١٩٢٤-١٩٣١ لە هەموو عێڕاقدا تەنها ٣٢٩٠ جوو کۆچیان کردووە بۆ فەلەستین و لە ١٩١٩-١٩٣٥ ژمارەی کۆچبەرانی بە ٦٥٠٠ کەس مەزندە کردووە (حاییم ی. کوهین، ٢٠١٣: ١٧٥)، هیچ داتایەکیش لەبارەی جیاوازیی نێوان لەدایکبوون و مردن بەردەست نین تاکو شیکردنەوەی ڕاستەقینەی بۆ بکرێت و بزانرێ ئەم هۆکارەش چەندە ڕۆڵی هەبووە لە کەمبوونەوەی ئەم ژمارەیە، بەڵام لە هەموو بارێکدا ڕێگەی تێناچێت ئەمە بەهۆی زۆری ژمارەی مردنەوە بێت بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی لەدایکبوون لەنێو جووەکانی هەولێر، بە تایبەتی کە لەو ماوەیەدا پێشهات و کارەساتێکی وا لە شارەکە نەهاتۆتەپێش ئەمەی لێکەوتبێتەوە.

تایبەت بە ژمارەیان لە سلێمانیدا، ئەوا لە هەردوو سەرژمێرییەکەدا کەمترین ژمارەی جووەکانی تێدایە، لە یەکەمدا بە ١٠٠٠ کەس و لە

دووەمیشدا زیاد بووە بۆ ١٣٢٧ کەس، ئەمەش بە زیادبوونێکی ئاسایی و سروشتی لە گەشەی دانیشتووان دادەنرێت.

بەپێی ژێدەرەکانی جوو لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٠دا ٥٠٠ خێزانی جوو لە شاری سلێمانی و ساڵی ١٩٣٠ نزیکەی ٩٠٠ جوو لە تەواوی لیوای سلێمانی هەبوون ( A. Ben-Yaacob, 1961: (jewishvirtuallibrary.org) کە نزیکەی سەد خێزان دەبوون (מוזיאון העם היהודי، קהילת יהודי סולימאניה: dbs.anumuseum.org.il) بەپێی سەرژمێرییەکی دیکە لە ساڵی ١٩٢٥ ژمارەی جووەکانی سلێمانی ٧٥٠ کەس بووە لە کۆی ١٠٠٠٠ دانیشتوو (سیسیل جۆن ئیدمۆندس، ٢٠٠٤: ١١٤)، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە و دەکاتە ٧.٥٪ی کۆی دانیشتووانی شارەکە کە لەگەڵ هیچ ئامارێک یەکناگرێتەوە، لەمەشدا هێندە گرفت لە ژمارەی جووەکاندا نییە هێندەی لە ژمارەی مەزندەکراوی کۆی دانیشتوانەکەدا هەیە.

سەبارەت بە جووەکانی کەرکوک ژمارەیان لە سەرژمێریی یەکەمدا کەمە و بە ١٤٠٠ کەس دانراوە، ئەمەش دیسان بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی ژمارەیان ئاسایی بووە، ئەگەر ئامارەکانی سەردەمی عوسمانییەکان لەبەرچاوبگرین کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا ٧٦٠ جووی لەم شارەدا تۆمارکردووە (شەمسەدین سامی، ٢٠٠٨: ٢٥٨)، کەچی لە سەرژمێری ساڵی ١٩٣٠ ژمارەیان بە شێوەیەکی زۆر بۆ پێنج هێندە زیادی کردووە و گەیشتۆتە ٨٤٧٢ کەس، بەمەش لە ساڵی ١٩٣٠ زۆرترین ژمارەی جووەکان لەو لیوایەی کوردستان بووە، هەرچەندە ئەم زیادبوونە ئاسایی نییە و جێی گومانە، بە تایبەتی کە لە هیچ سەرژمێرییەکی دیکەی پێشتر و دواتریش ئەو ژمارەیە تۆمارنەکراوە و لە نیوەی ئەوەندە ڕەتینەکردووە.

وورد نەبوونی ژمارەی جووەکانی کەرکوک مانای ئەوە ناگەیێنێت کە هیچ زیادبوونێک لە ژمارەیاندا ڕووی نەدابێت، بە تایبەتی کە جگە لە حاڵەتی سروشتی، دۆزینەوەی نەوت[٦] و دامەزراندنی کۆمپانیای نەوت لەو ناوچەیەدا کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر وردەوردە بوژانەوە و فراوانبوونی شارەکە و ڕووتێکردنی لە هەر چوار لاوە بۆ کارکردن لەم کۆمپانیایە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و ناوەندەکانی چالاکیی جۆراوجۆر (فوئاد حەمە خورشید، ٢٠٠٧: ٥٩ ؛ میر بصري، ٢٠٠٩: ١٥٧)، هەروەک کاریگەریشی لە ڕاکێشانی جووەکان هەبوو، بە تایبەتی کە هەلی کاری زیاتری تێدا پەیدابوو بۆ پیشەسازی و بازرگانیکردن و دامەزراندن (صموئيل أتينجر، ١٩٩٥: ٣٣)، جگە لە دامەزران و کارکردن لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک (کاظم حبيب، ٢٠١٥: ١٠٩)، بە تایبەتی کە جووەکان پەیوەندییان بە ئیدارەی بەریتانیاوە کردووە و وەک کارمەندی کۆمپانیا نەوتییەکان کاریان دەکرد (מוזיאון העם היהודי، קהילת יהודי כרכוך : dbs.anumuseum.org.il)، ئەمە جگە لەوەی هەر لەساڵی ١٩٢٥ەوە کەرکوک لە ڕێگەی تۆڕی هێڵی ئاسنەوە بە ناوەڕاستی عێراقەوە بەسترابووەوە (دڵشاد مەحمود عەبدولڕەحمان، ٢٠١٩: ١٦٦)، ئەمەش دەرفەتی چالاکیی بازرگانی شارەکەی زیاتر کرد کە جووەکان پێی دەناسرانەوە.

شیاوی باسە لە ئامارێکی شارەوانیی کەرکوکدا کە لە ساڵی ١٩٣٠ ئەنجامدراوە، ژمارەی جووەکان لەناو شاردا ٢٥٠٠ کەس بووە لە کۆی ٣٥٠٠٠ کەسدا (محەممەد ئەمین زەکی، ١٩٨٤: ١٠٤-١٠٥)، واتە ٧.١٤٪ی دانیشتووانی شاریان پێکهێناوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ژمارەکانی بەریتانییەکان یان ورد نین یان ئەو ژمارەیەی ئەوان ئاماژەی پێ دەکەن لە دەرەوەی شارەکەدا بن، کە ئەمەش ئەگەرێکی لاوازە بەو پێیەی ئەگەر ئەو زیادبوونە لە ژمارەی جووەکان بەو هۆیانەی باسمانکرد ڕوویدابێت، ئەوا کۆچ لە دەرەوە بۆ ناو شار بووە و دەبێت لە دەرەوەی

کەرکوک ژمارەیان کەمی کردبێت و زۆرینەی ئەو ژمارەیە لە ناوەندی شاردا بن.

لە سنووری لیوای موسڵیش لە سەرژمێریی یەکەمدا ژمارەیان بە گشتی بە ناوەندی قەزای موسڵ و ناوچەی عەرەبییەکانەوە تۆمارکراوە و زۆرترین ژمارەی جووەکانی تێدایە، لە هەموو بارێکیشدا نزیکەی نیوەی ئەو ژمارەیە لە سنووری کوردستاندا بوونە، کە ناوچەی بادینانە ئەگەر زیاتر نەبێت، لەو بارەشدا ناوچەی بادینان ئەگەر زۆرترین ژمارەی جووی تێدا نەبێت، ئەوا بە پلەی دووەم دێت لەدوای لیوای هەولێر، هەرچی لە سەرژمێریی ساڵی ١٩٣٠یە ژمارەی جووەکانی ناوچە کوردییەکانی لیوای موسڵ بەجیا هەژمارکراوە بە ٤١٤٦ [٧]، جوو پلەی دووەمی وەرگرتووە و لەدوای کەرکوکەوەیە.

بە پشتبەستن بەو دوو سەرژمێرییەی بەریتانییەکان دەردەکەوێت کە لە ماوەی دە ساڵدا زیادبوونێکی ئاسایی لە سەرجەمی ژمارەی جووەکانی کوردستان ڕوویداوە. لە ١٤٨٣٥ کەسی جوو بە سەرجەمی لیوای موسڵیشەوە (ئەگەر بە نزیکەیی ژمارەی جووەکانی ناوەندی موسڵ و ناوچە عەرەبییەکانی لێ دەربهێنرێ دەورووبەری ١١٠٠٠ کەس دەمێنێتەوە بۆ کوردستان)، ئەو ژمارەیە لە ساڵی ١٩٣٠ زیادبووە بۆ ١٦١٧١ کەس تەنها لە ناوچە کوردییەکانی موسڵ لەگەڵ لیواکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک، ئەگەر ئەوەش بزانین لە هەردوو ئاماردا جووەکانی ناوچە کوردییەکانی لیوای دیالە و کوتی لەخۆنەگرتووە، واتە ئەگەر ئەو ناوچانەشی بخرێتەسەر، ئەوا کۆی گشتیی جووەکانی کوردستان بەپێی ئەو خەمڵاندنەی بەریتانییەکان لە سەرەتای بیستەکاندا ١٢-١٣ هەزار کەسێک بووە و لە ساڵی ١٩٣٠ بە نزیکەیی لە دەورووبەری ١٧-١٨ هەزار جوو دەبوون.

## دابەشبوونی جووەکان بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٤٧:

لەبارەی شوێنی نیشتەجێبوون و دابەشبوونی ژمارە و ڕێژەی جووەکان لە کوردستانی عێراقدا، سەرچاوەکان ئامار و زانیاریی جۆراوجۆرمان بەدەستەوە دەدەن، لەپاڵ ئەمانەدا ئامارێکی فەرمی بەردەستە کە لە سەرژمێریی گشتی دانیشتیووانی عێراق لە ساڵی ١٩٤٧ [٨]، خۆی دەبینێتەوە، ئەم سەرژمێرییە تاکە سەرژمێریی گشتی و فەرمیی حکومەتی عێراقە لەماوەی بوونی جووەکان لە عێراقدا٩، کە تا ئاستێکی باش ئامارێکی نزیکتر لە دروستی و زانیاریی جۆراوجۆرمان سەبارەت بە جووەکانی کوردستان دەخاتەبەردەست، هەرچەندە کۆمەڵێک تێبینی لەسەر سەرژمێرییەکە هەن، بە تایبەتی کە ژمارەکانی ورد نین و زانیارییەکانی یەکلاکەرەوە و پڕ وردەکاریی پێویست نین، بۆ نموونە لە شوێنێکی وەک بەغدای پایتەخت خەڵکێکی زۆر لە چاوەڕوانی تیمەکانی سەرژمێری بێ تۆمارکران مانەوە، بەمەش زیاتر لە نیو ملیۆن کەس هەر تۆمارنەکراون (علاءالدین سجادی، ١٩٥٢: ل٦٦)، دیارە گەیشتنی تیمەکانی سەرژمێری بۆ ناوچە دوور و شاخاوییەکانی کوردستان قورستتر بووە، جگە لەوەی بەشێکی خەڵکیش لە ترسی سەربازیی زۆرەملێ و باج، یان بەهۆی متمانەنەبوون بە دەسەڵات خۆیان تۆمارنەکردووە (خلیل اسماعیل محمد، ١٩٩٨: ٣٠)، سەبارەت بە جووەکانیش پێدەچێت ئەو هۆکارانە کاریگەرییان هەبووبێت، لەبەرئەوە گرنگییان بە سەرژمێرییەکە نەدابێت، بە تایبەتیش کە لای زۆربەی خەڵک هوشیاری لەبارەی سەرژمێریی دانیشتووانەوە نەبووە، هەروەها کەموکوڕیی دیکەش بریتین لەوەی کە زانیارییەکان تەنها لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییە گەورەکان وەرگیراون و ورد نەکراونەتەوە بە سەر گوندەکاندا و هۆز و خێڵە کۆچەرییەکانیش تۆمارنەکراون. لەلایەکی دیکەشەوە، باری نەتەوەیی دانیشتووانی تێدا دیارنەکراوە (جەبار قادر، ٢٠٢٢: ٤٠-٤١)، هەرچەندە بۆ جووەکان دیارینەکردنی باری نەتەوەیی گرفتێکی دروستنەکردووە، چونکە باری

ئاینی تاکەکانی تۆمارکردووە، ئەمەش سەبارەت بە جووەکان هەمان ژمارە بەدەستەوە دەدات و جیاوازییەکی نییە. لەگەڵ هەموو ئەو کەموکوڕییانەش، بەڵام ئەمە لە بەهای سەرژمێرییەکە کەمناکاتەوە، چونکە تا ڕادەیەک وێنەیەکمان لەبارەی ژمارە و دابەشبوونی جووەکان پێدەبەخشێ کە ببێتە ستاندەرێک بۆ شیکردنەوەی داتا و گۆڕانکارییەکان.

سەرژمێریی ساڵی ١٩٤٧ سەرژمێریی گشتیی عێراق بوو بۆ هەموو ئەوانەی لەناو عێراقدا دەژیان بە هەموو پێکهاتە و نەتەوەکانەوە، واتە تایبەت نەبوو بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو یان جوو بە تەنها، بۆیە دابەشکاریی تۆمارەکان بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی ئەو کاتی حکومەتی عێراقی ئەنجامدراون[١٠]، کە خۆی لە چواردە لیوا و چەندین قەزا و ناحیە دەبینیەوە، ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانیشەوە هەبوو شەش لیوای دەگرتەوە، سێ لیوا بە تەواوی لە سنووری جوگرافیی کوردستاندا بوون، هەولێر و سلێمانی و کەرکوک، سێ لیوایەکەی دیکەشیان بەشێکیان کوردستان بووە، لیوای موسڵ لە کۆی هەشت قەزا حەفتیان کوردستان بوون (شنگال، زاخۆ، ئاکرێ، ئامێدی، دهۆک، شێخان و تەلەعفەر) لەگەڵ بەشێکی قەزای موسڵیش (ناحیەکانی قەرەقوش و تلکێف)، لیوای دیالەش سێ قەزای کوردی تێدا بووە (خانەقین، مەندەلی و شارەبان)، لیوای کوتیش قەزایەکی کوردی (بەدرە)، بۆیە جووەکانی ئەو سنوورە بەپێی ئەو یەکە کارگێڕییانە دابەشببوون.


لە سەرژمێرییەکەدا دەردەکەوێت کە سەرجەمی ژمارەی جووەکان لە سنووری کوردستانی عێراقدا (١٦٠٧٥) کەس بوونە لە کۆی (١١٨٨٠٥٥)ی سەرجەم دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، کە ئەمەش ژمارەی تەواو و ورد نین نەک تەنها بۆ جووەکان، بەڵکو سەبارەت بە هەموو پێکهاتەکانەوە، ئەم ژمارەیەی جووەکان بە شێوەی جیاواز بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا


دابەشبوون، لە ناوەندی شارەکانەوە بۆ قەزا و شارەدێیەکان تا دەگاتە گوندەکان.

## دابەشبوونی جووەکان لە لیواکانی کوردستانی عێراق بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٤٧ (المملكة العراقية، ١٩٥٤: ج١ و ج٢):

**ڕێژەی سەدی جووەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی لیوا**

| لیوا | ژمارەی دانیشتووانی لیوا | ژمارەی جووەکان | ڕێژەی سەدی جووەکان بەپێی ژمارەی دانیشتووانی لیوا | ڕێژەی سەدی دابەشبوونی جووەکان بەسەر کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٣٩٧٧٦ | ٣١٠٩ | ١.٣٠ | ١٩.٣٤ |
| سلێمانی | ٢٢٦٤٠٠ | ٢٢٧١ | ١ | ١٤.١٢ |
| کەرکوک | ٢٨٦٠٠٥ | ٤٠٤٢ | ١.٤١ | ٢٥.١٤ |
| موسڵ (ناوچەی بادینان) | ٣٢٢٣٤٩ | ٤٧٨٧ | ١.٤٨ | ٢٩.٧٧ |
| دیـــاله (خـــانەقین و شارەبان و مەندەلی) | ٩٧٣٣٦ | ١٨٦٢ | ١.٩١ | ١١.٥٨ |
| کوت (بەدرە) | ١٦١٨٩ | ٤ | ٠.٠٢ | ٠.٠٢ |
| کۆی دانیشتوانی لیواکان | ١١٨٨٠٥٥ | ١٦٠٧٥ | ١.٣٥ | ١٠٠ |



بەپێی ئەو سەرژمێرییە و وەک لە خشتەی سەرەوەش دیارە زۆرترین ژمارەی جوو لە کوردستانی عێراق کەوتۆتە ناوچەی بادینان لە لیوای موسڵ کە ژمارەیان ٤٧٨٧ جوو بووە، بەمەش ڕێژەی ٢٩.٧٧٪ لە کۆی جووەکانی کوردستان لەو ناوچەیەدا نیشتەجێبوون، هەرچی ڕێژەی سەدییانە لە کۆی دانیشتووانی ناوچەکە ئەوا ١.٤٨٪ پێکدەهێنن، بەمەش ناوچەی بادینان لە لیوای موسڵ پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە ژمارەی جووەکاندا، لە دوای ئەویش لیوای کەرکوک دێت، کە ٤٠٤٢ جووی تێدا تۆمارکراوە و پلەی دووەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی ٢٥.١٤٪ لە کۆی ژمارەی جووەکانی کوردستان و ١.٤١٪ی کۆی دانیشتووانی لیواکەشیان پێکهێناوە.

ژمارەی جووەکانی لیوای هەولێر ٣١٠٩ کەس بووە و ١.٣٠٪ی کۆی دانیشتوانی لیوایەکەیان پێکهێناوە، لە کۆی ژمارەی جووەکانی کوردستانیش ١٩.٣٤٪ یان کەوتوونەتە ئەم لیوایە، بەمەش لیوای هەولێر لە ڕووی ژمارە و ڕێژەی جووەکانەوە پلەی سێیەمی وەرگرتووە. لەدوای ئەویش بە پلەی چوارەم لیوای سلێمانی دێت بە ٢٢٧١ کەسی جوو بە ڕێژەی ١٪ی کۆی دانیشتوانی لیوایەکە و ١٤.١٢٪ لە سەرجەمی ژمارەی جووەکانی کوردستاندا.

لە سنووری لیوای دیالە لە ناوچە کوردییەکانیدا ١٨٦٢ جوو تۆمارکراون و لە دوای لیوای سلێمانییەوە دێت لەڕووی ژمارەوە، لە کۆی دانیشتووای ئەم ناوچەیەدا ڕێژەی ١.٩٠٪یان پێکهێناوە، لە کۆی ژمارەی جووەکانی کوردستانیش ١١.٥٨٪ی جووەکانی لەخۆگرتووە. کەمترین ژمارەی جووەکانی کوردستانیش کەوتبوونە ناوچە کوردییەکانی لیوای کوت (واست) کە ژمارەیان تەنها بە چوار کەس تۆمارکراوە و ڕێژەی ٠.٠٢٪ی کۆی دانیشتوانی ناوچەکەیان پێکهێناوە و ٠.٠٢٪ی سەرجەمی جووەکانی هەموو کوردستانی تێدا نیشتەجێبووە.

لە سەرژمێرییەکەدا ژمارەی جووەکان بەسەر یەکە کارگێڕییەکان دابەشکراون کە سەرجەمیان لە هەر شەش لیوادا ٢٥ قەزا و ٨٣ ناحیەیە، ژمارەکانیان لە ناحیە و قەزا و لیواکان دیارکراون لەگەڵ تایبەتمەندیی شارنشینی و گوندنشینی، هەروەها نێر و مێ، هەروەک لە خوارەوە بەخشتە و ژمارە و ڕێژە شییاندەکەینەوە.

خشتەی دابەشبوونی جووەکان لە لیوای هەولێر (المملكة العراقية. ج٢، ١٩٥٤: ٢٠٨، ٢٢١، ٢٣١، ٢٤٢، ٢٤٩، ٢٥٧):

| قەزا | ناحیە | ژمارە | شارنشین | | گوندنشین | | شارنشین | گوندنشین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | ڕێژەی سەدی لە قەزا | ژمارە | ڕێژەی سەدی لە قەزا | ڕێژەی سەدی لە کۆی شارنشینەکانیان لە لیوا | ڕێژەی سەدی لە کۆی گوندنشینەکانیان لە لیوا |
| قەزای ناوەند | ناوەند | ١٣٢٠ | ١٣٢٠ | ٨٤.١ | | ١٥.٩ | ٦٣.١٨ | ٢٦.٠٠ |
| | قوشتەپە | ٢٣٣ | | | ٢٣٣ | | | |
| | شەقلاوە | ٤٨ | ٢٧ | | ٢١ | | | |
| | کۆی گشتی | ١٦٠١ | ١٣٤٧ | | ٢٥٤ | | | |
| مەخمور | ناوەند | ٦٠ | ٢٠ | ١٥.٣ | ٤٠ | ٨٤.٧ | ٢.٦ | ٣١.١ |
| | گوێر | ١٥٠ | ١٦ | | ١٣٤ | | | |
| | کەندیناوە | ١٤٩ | ١٩ | | ١٣٠ | | | |
| | کۆی گشتی | ٣٥٩ | ٥٥ | | ٣٠٤ | | | |
| ڕانیە | ناوەند | ١٧٧ | ٤٠ | ٢٣ | ١٣٧ | ٧٧ | ١.٩٧ | ١٤.٤٣ |
| | چناران | ٦ | ٢ | | ٤ | | | |
| | ناودەشت | | | | | | | |
| | کۆی گشتی | ١٨٣ | ٤٢ | | ١٤١ | | | |
| کۆیە | ناوەند | ٤٤٠ | ٤٣٠ | ٩٧.٧٣ | ١٠ | ٢.٢٧ | ٢٠.٨٧ | ١.٠٢ |
| | تەق تەق | | | | | | | |
| | کۆی گشتی | ٤٤٠ | ٤٣٠ | | ١٠ | | | |
| زێبار | ناوەند | | | ٠ | | ١٠٠ | ٠ | ٣.٨٩ |
| | بارزان | | | | | | | |
| | مزووری باڵا | ٣٨ | | | ٣٨ | | | |
| | کۆی گشتی | ٣٨ | ٠ | | ٣٨ | | | |
| ڕواندز | ناوەند | ٢٩٥ | ١١٤ | ٥٢.٨٧ | ١٨١ | ٧٧.١٣ | ١٢.١٠ | ٢٣.٥٤ |
| | هەریر | ١٥١ | ١١٥ | | ٣٦ | | | |
| | باڵەک | ٢٩ | ٢٩ | | | | | |
| | برادۆست | | | | | | | |
| | مێرگەسور | ١٣ | | | ١٣ | | | |
| | کۆی گشتی | ٤٨٨ | ٢٥٨ | | ٢٣٠ | | | |
| کۆی گشتی لیوا | | ٣١٠٩ | ٢١٣٢ | ٦٨.٥٨ | ٩٧٧ | ٣١.٤٢ | ١٠٠ | ١٠٠ |

لە دابەشبوونیان لە لیوای هەولێر دەردەکەوێت کە لەو ٣١٠٩ جووەی تێیدا تۆمارکراوە، قەزای ناوەندی هەولێر زۆرترین ژمارەی جووەکانی لیوایەکەی لەخۆگرتووە، لەهەمان کاتیشدا ناوەندی شاری هەولێر

زۆرترین ژمارەی جووی تێدا نیشتەجێبووە کە ١٣٢٠ کەس بوون لە کۆی ١٦٠١ جووی قەزایەکە، ئەوانی دیکەش دابەشبوون بەسەر ناحیەکانی قوشتەپە و شەقڵاوە، لەم سەرژمێرییەدا ناوەندی شەقڵاوە تەنها ٢٧ جووی تێدا تۆمارکراوە، لەکاتێکدا سەرچاوەکان باس لە هەبوونی دەوروبەری ٢٠ خێزان لەو ساڵانەدا دەکەن (قادر گۆزێ، ٢٠١٤: ١١١)، بەوپێیەش بێت ژمارەیان زۆرتربووە لەوەی تۆمارکراون، بەم جۆرە ڕێژەی ٨٤.١٪ی جووەکانی قەزایەکە شارنشین و ١٥.٩٪ گوندنشین بوون.

لەپاش شاری هەولێر قەزای ڕواندز دووەم زۆرترین ژمارەی جووەکانی لیوایەکەی تێدا تۆمارکراوە کە ژمارەیان ٤٨٨ جووە و ڕێژەی شارنشینیان لەو قەزایە ٥٢.٨٧٪ و گوندنشین ٤٧.١٣٪ بووە. لەو ژمارەیەدا جگە لە ناحیەی ناوەندی ڕواندز کە زۆرترینی تێدا تۆمارکراون بە ٢٩٥ جوو کە ١١٤ کەسیان لە ناوەندی ڕواندز و ١٨١ کەسیش لە گوندەکانی دەوروبەر بوون، بە تایبەتیش دیانا، دواتر ناحیەی هەریر دێت بە ١٥١ جوو کە ١١٥ کەسیان لە ناوەندی هەریر بوون، ئەوانی دیکەش لە دەوروبەر.

جێی سەرنجە کە لە ناحیەی باڵەک لە سنووری قەزای ڕواندز تەنها ٢٩ جوو تۆمارکراون، ئەویش لە ناوەندی ناحیەکە کە شارەدێی گەلاڵە بووە وەک شارنشین، ئاماژە بە هیچ ژمارەیەکی جووی گوندنشین لەم ناحیە نەکراوە، لەکاتێکدا لەو ماوەیەدا تەنها گوندی ڕوست لە سنووری ناحیەکە پازدە ماڵە جوو بەرەو سەروو کە زیاتر لە سەد کەس بوونە لێی ژیاون تاکو کۆچکردنیان بە یەکجاری بۆ ئیسرائیل (تەلعەت نەجم ئەحمەد، ٢٠٢٢/٥/٧ ؛ قاسم عەولا ئەحمەد، ٢٠٢١/٦/٦).

قەزای کۆیە یەکێکی دیکەیە لەو قەزایانەی لیوای هەولێر کە ناوەندێکی گرنگی نیشتەجێبوونی جووەکان بووە، بە ٤٤٠ کەس سێیەم قەزای هەولێرە لە ڕووی ژمارەی جووەوە، لەم ژمارەیەشدا بەرزترین

ڕێژەی شارنشینی تێدا تۆمارکراوە بە ٤٣٠ کەس و بە ڕێژەی ٩٧.٧٣٪، لە بەرانبەردا تەنها دە کەسیان گوندنشین بوون کە لە دەوروبەری کۆیە نیشتەجێبوونە.

قەزای مەخمور ٣٥٤ جووی تێدا تۆمارکراوە کە زۆربەیان گوندشین بوون بە ڕێژەی ٨٤.٧٪ و دابەشبوون بەسەر ناوەندی مەخمور و ناحیەکانی گوێڕ و کەندیناوە. قەزای ڕانیەش ١٨٣ جووی لێبووە و زۆربەشیان کەوتوونەتە گوندەکانی دەوروبەری ڕانیە و چناران، بۆیە ڕێژەی گوندشینەکانیان زیاتربووە بە ڕێژەی ٧٧٪، لە سەرژمێرییەکەدا ناحیەی ناودەشت هیچ جوویێکی تێدا تۆمارنەکراوە، لەکاتێکدا ئاماژەی هەبوونی ژمارەیەک جوو لە گوندەکانی ئەم ناوچەیە هەن (ئیبراهیم عەبدولرەحمان سلێمان، ٢٠٢٠/١٢/١؛ ئیسماعیل حاجی نادر، ٢٠٢٠/١٢/١).

کەمترین ژمارەی جووەکان لە لیوای هەولێر کەوتبوونە قەزای زێبار، بە تایبەتی کە ناحیەی بارزان هیچ ژمارەیەکی جووی تێدا تۆمارنەکراوە، لەکاتێکدا پێشتر ژمارەیەک جوو لەوێ هەبوون بە جۆرێک سەردەمانێک ژمارەیان لە موسڵمان و مەسیحییەکان زیاتر بووە و شوێنی پەرستشی خۆیان هەبووە (پی رەش، ١٩٨٠: ٢٤)، هۆکاری ئەوەی کە لەو سەرژمێرییەدا هیچ جوویێکی تێدا تۆمارنەکراوە، بارودۆخی سیاسی بووە بە پلەی یەکەم کە وای کردووە ئەو ناوچەیە بەجێبێڵن، بە تایبەتی دوای شۆڕشی دووەمی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) و بەجێهێشتنی بارزان لەلایەن مەلا مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد بەرەو ئێران، جووەکانی ئەوێش لەو کاتەوە بارزانیان بەجێهێشووە بەرەو ئاکرێ و جارێکی دیکە نەگەڕانەوە تاکو کۆچیان کردە ئیسرائیل (میقداد زیاب، ٢٠٢٠/٧/٢).

خشتەی دابەشبوونی جووەکان لە لیوای سلێمانی (المملكة العراقية. ج٢، ١٩٥٤ : ١٦٢، ١٧٧، ١٨٧، ١٩٧):

| قەزا | ناحیە | ژمارە | شارنشین | | گوندنشین | | شارنشین | گوندنشین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | ڕێژەی سەدی لە قەزا | ژمارە | ڕێژەی سەدی لە قەزا | ڕێژەی سەدی لە کۆی شارنشینەکانیان لە لیوا | ڕێژەی سەدی لە کۆی گوندنشینەکانیان لە لیوا |
| قەزای ناوەند | ناوەند | ١٥١٥ | ١٥١٥ | ٩٩.٩ | | ٠.١ | ٦٧.١١ | ٨.٣٣ |
| | تانجەرۆ | ١ | ١ | | | | | |
| | قەرەداغ | ١ | | | ١ | | | |
| | سورداش | | | | | | | |
| | بازیان | | | | | | | |
| کۆی گشتی | | ١٥١٧ | ١٥١٦ | | ١ | | | |
| هەڵەبجە | ناوەند | ٥٨٠ | ٥٨٠ | ١٠٠ | | ٠ | ٢٨.٢٩ | ٠.٠٠ |
| | خورماڵ | ١ | ١ | | | | | |
| | وارماوا | | | | | | | |
| | پینجوین | ٥٨ | ٥٨ | | | | | |
| کۆی گشتی | | ٦٣٩ | ٦٣٩ | | ٠ | | | |
| پشدەر | ناوەند | ١٠٤ | ١٠٤ | ٩٠.٤٣ | | ٩.٥٧ | ٤.٦٠ | ٩١.٦٧ |
| | قەڵادزە | ١١ | | | ١١ | | | |
| | بنگرد | | | | | | | |
| کۆی گشتی | | ١١٥ | ١٠٤ | | ١١ | | | |
| شارباژێر | ناوەند | | | ٠ | | ٠ | ٠ | ٠ |
| | ماوەت | | | | | | | |
| | سروچک | | | | | | | |
| کۆی گشتی | | ٠ | ٠ | | ٠ | | | |
| کۆی گشتی لیوا | | ٢٢٧١ | ٢٢٥٩ | ٤٧,٩٩ | ١٢ | ٥٣,٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

لیوای سلێمانی کە ٢٢٧١ جووی تێدا تۆمارکراوە، زۆرینەی هەرەزۆریان لە ناوەندی شارەکان نیشتەجێبوون، لە کۆی ١٥١٧ جوو لە قەزای سلێمانی ١٥١٥ کەسیان لە ناوەندی شاری سلێمانیدا بوون، ئەوانیش لە گەڕەکی جوولەکان، دووانەکەی دیکەش یەکیان لە قەرەداغ و یەکیان لە تانجەڕۆ، سوورداش و بازیانیش هیچ جوویێکی تێدا تۆمارنەکراوە، بەمەش ڕێژەی ٩٩.٩٪ی جووەکانی قەزایەکە شارنشین بوون، لەدوای ئەویش قەزای هەڵەبجە، دیارە هەڵەبجە یەکێک بوو لە ناوەندە گرنگەکانی جوو و بە تایبەتی لەبەرئەوەی ناوچەی شارەزوور خاکێکی بەپیت و بە ئاوی هەبوو، هەڵەبجەش ناوەندێکی کارگێڕی بوو و کەوتبووە سەر ڕێگەی کاروانە بازرگانییەکان، بۆیە ژمارەیەکی زۆری جووەکان ڕوویان تێکردووە، هەر لەو کاتەوەی سەرلەنوێ شارەکە ئاوەدانکراوەتەوە، جووەکان لێی نیشتەجێبوون و دووەمین بنەماڵەکانی

ئەو شارەبوون لە دوای بەگزادەکانی جاف (حەکیم مەلا ساڵح، ٢٠١١: ١٦١)، بەپێی سەرژمێرییەکە هەموو جووەکانی سنوورەکە شارنشین بوون و لە کۆی ٦٣٩ کەس ٥٨٠ کەسیان لە ناوەندی هەڵەبجە و ٥٨ جووش لە پێنجوێن بوون، دواتریش قەزای پشدەر دێت کە ڕێژەی زۆریان لە ناوەندی پشدەر نیشتەجێبوون، تەنها ١١ کەسیان بە گوندنشین تۆمارکراون، لەکاتێکدا لە چەند گوندێکی پشدەر و مەرگە هەریەکە لە ماڵێک بەرەو سەرەوە هەبوون، بە تایبەتی لە گوندەکانی گەناو، کانیلان، دێرێ، دەشتێو، سرەجێ، نورەدین، چۆمخڕکە و کەستانە (مۆفەق میراودەلی، ٢٠١٢: ٦٧؛ ئیبراهیم عەبدولرەحمان سلێمان، ٢٠٢٠/١٢/١).

جێی تێبینییە سنووری قەزای شارباژێڕ بە سێ ناحیەوە هیچ جووێکی تێدا تۆمارنەکراوە کە تەنها قەزای کوردستانە هیچ جووێکی تێدا تۆمارنەکرابێت، ئەگەرچی لە ناوەندی شارباژێڕ (چوارتا) جووی تێدا ژیاوە و بەشێک بوونە لە دانیشتووانی شارەکە و تا ئێستاش گۆڕستانەکەیان ماوە (سدیق سەعید، ٢٠٢١ /٥/٨).

خشتەی دابەشبوونی جووەکان لە لیوای کەرکوک (المملكة العراقية.
ج٢، ١٩٥٤: ١١٨، ١٢٦، ١٣٦، ١٤٨):

| قەزا | ناحیە | ژمارە | شارنشین | | گوندنشین | | شارنشین | گوندنشین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | ڕێژەی سەدی لە قەزا | ژمارە | ڕێژەی سەدی لە قەزا | ڕێژەی سەدی لە کۆی شارنشینەکانیان لە لیوا | ڕێژەی سەدی لە کۆی گوندنشینەکانیان لە لیوا |
| قەزای ناوەند | ناوەند | ٢٩٥٠ | ٢٨٧٣ | ٩٧.٤ | ٧٧ | ٢.٦ | ٧٥.٤٥ | ٥٩.٥٤ |
| | قەرە حەسەن | | | | | | | |
| | ئالتون کۆپری | ٧١ | ٧١ | | | | | |
| | مەلحە | ٨ | ٧ | | ١ | | | |
| | شوان | | | | | | | |
| کۆی گشتی | | ٣٠٢٩ | ٢٩٥١ | | ٧٨ | | | |
| چەمچەماڵ | ناوەند | ٢ | | ٠ | ٢ | ١٠٠ | ٠ | ١.٥٣ |
| | ئاغجەلەر | | | | | | | |
| | سەنگاو | | | | | | | |
| کۆی گشتی | | ٢ | ٠ | | ٢ | | | |
| داقوق | ناوەند | ١٨ | ١٤ | ٩٦.٨ | ٤ | ٣.٢ | ١٤.٤٨ | ١٤.٥٠ |
| | قادر کەرەم | | | | | | | |
| | دوزخورماتوو | ٥٦٧ | ٥٥٢ | | ١٥ | | | |
| کۆی گشتی | | ٥٨٥ | ٥٦٦ | | ١٩ | | | |
| کفری | ناوەند | ٣٣٦ | ٣٣٦ | ٩٢.٥ | | ٧.٥ | ١٠.١ | ٢٤.٤٣ |
| | بیباز | | | | | | | |
| | قەرەتەپە | ٨٧ | ٥٨ | | ٢٩ | | | |
| | شێروانە | ٣ | | | ٣ | | | |
| کۆی گشتی | | ٤٢٦ | ٣٩٤ | | ٣٢ | | | |
| کۆی گشتی لیوا | | ٤٠٤٢ | ٣٩١١ | ٩٦.٧٦ | ١٣١ | ٣.٢٤ | ١٠٠ | ١٠٠ |

لە لیوای کەرکوک زۆرینەی جووەکان لەناو شاری کەرکوک نیشتەجێبوونە ژمارەیان ٢٨٧٣ کەس بووە و لە گەڕەکی پیریادی دانیشتوون، بە گشتی لە قەزایەکە زۆرینەی جووەکان شارنشین بوون بە ڕێژەی ٩٧.٤٪ جگە ناوەندی کەرکوک هەندێک لە جووەکان کەوتوونەتە شارەدێی ئاڵتون کۆپری و مەلحە، هەروەها ناحیەی شوان هیچ جوویێکی تێدا تۆمارنەکراوە، هەرچەندە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ساڵانی پێشتر لە چەند گوندێکی ناوچەی شوانیش هەبوون (فەرهاد عەبدوالعەزیز محەمەد ئەمین، ٢٠١٣: ١٤٧). لەدوای ئەویش قەزای داقوق دێت کە ٩٦.٨ی جووەکانی شارنشین بوون، جگە لە ناوەندی داقوق ناحیەی دوزخورماتوو ٥٦٧ جووی لەخۆگرتووە، سەرچاوەیەکیش ناوی ٦٥ خێزانی جووەکانی ئەو شارەی لەو ماوەیەدا تۆمارکردوون کە هەر خێزانێک لە چەند کەسێک پێکهاتوون (برهان البرزنجي، ٢٠٢٢: ٦٧-٦٩).

قەزای کفری ناوەندێکی دیکەی جووەکان بووە لە ناوچەکە و ٤٢٦ جووی تێدا تۆمارکراوە کە زۆربەیان لە ناوەندی قەزاکەبوون بە ژمارەی ٣٣٦ کەس و بەشێکیشیان لە قەرەتەپە و شێروانە، ڕێژەی شارنشینەکانیشیان لەم قەزایە ٩٢.٥٪ بووە. کەمترین ژمارەی جوو لە لیوای کەرکوک لە قەزای چەمچەماڵ بوو کە تەنها دوو جووی تێدا تۆمارکراوە، بەڵام بەپێی سەرچاوەی دیکە چوار ماڵی جوو لەم شارەدا هەبووە (ئۆفرا بینگۆ، ٢٠١٩: ٢٥١-٢٥٢ ؛ داوود خاکی، ٢٠٠٩: ١٥٥)، هەروەها ئاغجەلەر و سەنگاو لەم قەزایە هیچ جوویێکی تێدا تۆمارنەکراوە، توێژەرێکیش بە دووری دەزانێ ئەو جووانەی لە ناوچەی چەمچەماڵ بوونە لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەوێ بووبن و وای بۆ دەچێت بەهۆی بازرگانی و پیشەگەرییەوە لە کەرکوک و شوێنی دیکەوە هاتبن (فەرهاد عەبدوالعەزیز محەمەد ئەمین، ٢٠١٣: ١٤٧).

تایبەت بە لیوای موسڵ کە لە ڕووی جوگرافییەوە زۆرینەی کوردستان بووە، لە ڕووی کارگێڕیشەوە لە هەشت قەزا تەنها قەزای موسڵ نەبێت هەموو قەزاکانی دیکە لەناو سنووری کوردستان بوون، لە قەزای موسڵیش هەردوو ناحیەی حەمدانیە (قەرەقوش) و تلکێف هەر لە سنووری کوردستانن (خەسرۆ گۆران، ٢٠٠٢: ٨١-٨٢، ١١٤-١١٧)، بۆیە لەکۆی ١٠٣٤٥ جوو لە لیوایەکە ٤٧٨٧ کەسیان لە ناوچە کوردییەکان بوون بە ڕێژەی ٤٦.٢٧٪ی کۆی جووەکانی لیوایەکە و ٥٥٥٨ یشیان لە ناوچەکانی دیکە، لەوانەش ٥٥١٧ کەسیان لە ناوەندی شاری موسڵ بوون (المملكة العراقية ج٢، ١٩٥٤: ٢٢).

خشتەی دابەشبوونی جووەکان لە لیوای موسڵ (ناوچە کوردییەکان- بادینان) (المملكة العراقية. ج٢، ١٩٥٤: ٢٢، ٣٤، ٤٤، ٥٤، ٦٦، ٧٦، ٨٦، ٩٦):

| قەزا | ناحیە | ژمارە | شارنشین: ژمارە | شارنشین: ڕێژەی سەدی لە قەزا | گوندنشین: ژمارە | گوندنشین: ڕێژەی سەدی لە قەزا | شارنشین: ڕێژەی سەدی لە کۆی شارنشینەکانیان لە لیوا | گوندنشین: ڕێژەی سەدی لە کۆی گوندنشینەکانیان لە لیوا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| موسڵ | حەمدانیە (قەرەقوش) | ١٠٩ | - | ٦.٩٢ | ١٠٩ | ٩٣.٠٨ | ٠.٢٩ | ٧.١٤ |
| | تلکیف | ٢١ | ٩ | | ١٢ | | | |
| کۆی گشتی | | ١٣٠ | ٩ | | ١٢١ | | | |
| شنگال | ناوەند | ١ | ١ | ١٠٠ | - | ٠ | ١٦.٩٧ | ٠ |
| | ناحیەی شنگال | - | - | | - | | | |
| | شیمال (سنونی) | ٥٢٤ | ٥٢٤ | | - | | | |
| کۆی گشتی | | ٥٢٥ | ٥٢٥ | | ٠ | | | |
| زاخۆ | ناوەند | ١٣٣٩ | ١٣٢٦ | ٩٥.١ | ١٣ | ٤.٩ | ٤٢.٨٧ | ٤.٠١ |
| | سلیڤانی | ٦ | - | | ٦ | | | |
| | سندی | ٤٩ | - | | ٤٩ | | | |
| | گلی | - | - | | - | | | |
| کۆی گشتی | | ١٣٩٤ | ١٣٢٦ | | ٦٨ | | | |
| ئاکرێ | ناوەند | ٤٧٢ | ٤٧٢ | ٤٦.٥ | - | ٥٣.٥ | ١٥.٢٦ | ٣١.٠٠ |
| | سورچی | ٢٤٧ | - | | ٢٤٧ | | | |
| | العشائر السبعة | ١٩٩ | - | | ١٩٩ | | | |
| | بیرا کەپرا | ٩٦ | - | | ٩٦ | | | |
| کۆی گشتی | | ١٠١٤ | ٤٧٢ | | ٥٤٢ | | | |
| ئامێدی | ناوەند | ٢٠ | ٢٠ | ٧.٦ | - | ٩٢.٤ | ٠.٧٤ | ١٦.٥٢ |
| | ناحیەی ئامێدی | ٦٢ | - | | ٦٢ | | | |
| | نێروە ڕێکان | ١١٦ | ٣ | | ١١٣ | | | |
| | بەرواری بالا | ١٠٥ | - | | ١٠٥ | | | |
| کۆی گشتی | | ٣٠٣ | ٢٣ | | ٢٨٠ | | | |
| دهۆک | ناوەند | ٦٧٣ | ٦٧٣ | ٥٧.٥٦ | - | ٢٤.٤٤ | ٢٣.١٥ | ٣١.١٦ |
| | ناحیەی دهۆک | ٤٩٢ | - | | ٤٩٢ | | | |
| | دۆسکی | - | - | | - | | | |
| | مزوری | ٧٩ | ٤٣ | | ٣٦ | | | |
| کۆی گشتی | | ١٢٤٤ | ٧١٦ | | ٥٢٨ | | | |
| شێخان | ناوەند | ١٦٠ | ١٢ | ٩.٢٠ | ١٤٨ | ٩٠.٨٠ | ٠.٤٨ | ٨.٧٣ |
| | ئەلقوش | ٣ | ٣ | | - | | | |
| کۆی گشتی | | ١٦٣ | ١٥ | | ١٤٨ | | | |
| تەلەعفەر | ناوەند | ٧ | ٧ | ٥٠ | - | ٥٠ | ٠.٢٣ | ٠.٤١ |
| | عیازیە | ٣ | - | | ٣ | | | |
| | زومار | ٤ | - | | ٤ | | | |
| کۆی گشتی | | ١٤ | ٧ | | ٧ | | | |
| کۆی گشتی لیوا | | ٤٧٨٧ | ٣٠٩٣ | ٦٤.٦١ | ١٦٩٤ | ٣٥.٣٩ | ١٠٠ | ١٠٠ |

قەزای زاخۆ لە ناوچەی بادینان زۆرترین ژمارەی جووی تێدا نیشتەجێ بووە[١١]، کە ١٣٩٤ کەس بووە و زۆرینەشیان شارنشین بوون بەوپێیەی ١٣٢٦ کەسیان لە ناوەندی زاخۆ بوون و ئەوانی دیکەش لە ناوچەی سندی و سلیڤانی بوون، ڕێژەی شارنشینەکانیان لە قەزاکەدا ٩٥.١٪ بووە، بەردەوامیش ژمارەیان لە زۆربووندا بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە جوگرافییەکەی کە چالاکترین شاری ناوچەکە بووە

لە ڕووی ئابوورییەوە بەهۆی بوونی سەرچاوەکانی بژێوی و دەرفەتی کار بۆ بازرگان و پیشەگەرەکان، هەروەها ئەو پێکەوەژیان و لێبوردەیی و پەیوەندییە پتەوەی لەنێوان هەموو پێکهاتەکانیدا هەبووە وای کردووە جووەکان لە دۆخێکی زۆر باشدابن (وصفية محمد شيخو السندي، ٢٠١٤: ٢٦٨)، بۆیە جووەکان دەستیان بەم شارەوە گرتووە، بە جۆرێک سەرچاوە عیبرییەکان زاخۆ بە "ئۆرشەلیمی کوردستان" ناو دەبەن (Sabar, Yona, 1982: 10)، بەو پێیەی ببووە ناوەندێکی گرنگی ڕاهێنان بۆ حاخام، موعەلیم، خەتەنەچی، و شوحیت (قەساب) ( Aloni, Oz, 2022: 4)، گەڕەکەکەشیان لەو شارە بە پلەی یەکەم دەهاتن لە زۆریی ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەی ٢٧.١٩٪ لە کۆی گشتیدا و لەسەر ڕووبەری ٤.٧١٠ هێکتار بە ڕێژەی ١٢.٢٨٪ (جهان هاشم محمد و نشوان شكري عبدالله، ٢٠٢٠: ١٦١-١٨٥).

لە قەزای دهۆک ڕێژەی ٥٧.٥٦٪ی جووەکان شارنشین بوون بەوپێیەی لە ١٢٤٤ کەسیان ٦٧٣ کەس لە ناوەندی دهۆک و ٤٩٢ کەس لە ناحیەی دهۆک و ٧٩ کەسیش لەوانە کەوتبوونە ناحیەی مزووری، وەک هەر شارێکی دیکە لە دهۆک گەڕەکی تایبەتیان هەبوو بە ناوی گەڕەکی جووەکان (محەلا جوهيا)، بەڵام بە تێکەڵیش لەگەڵ خەڵکی دیکە ژیاون و دراوسێی ماڵی موسڵمانان بوونە (مەرعی ئیسماعیل سەرحان، ٢٠٢١/٢/٧).

بەپێی ئەو سەرژمێرییە گوندی سندۆری جووەکان کە سەر بە ناحیەی دهۆک بووە ژمارەی دانیشتووانی بە ٥٠٣ کەس تۆمارکراوە (المملكة العراقية. ج٢، ١٩٥٤: ٧٠) ، هەرچەندە ئەم گوندە تایبەت بووە بە جووەکان، بەڵام بەپێی سەرژمێرییەکە بێت، خەڵکی بێجگە لە جوو لەوێ تۆمارکراون، چونکە ژمارەی جووەکانی تەواوی ناحیەی دهۆک کە سندۆر بەشێک بوو تێیدا بە ٤٩٢ جوو تۆمارکراوە (المملكة العراقية. ج٢،

١٩٥٤: ٧٦)، ئەم ژمارەیەش کەمترە لە ژمارەی دانیشتوانی سندۆر، واتە ئەگەر هەموو ئەو ژمارەیە بۆ سندۆر هەژماربکەین هێشتا یازدە کەس لە ژمارەی دانیشتووانی سندۆر کەمترە، کەواتە ئەو یازدە کەسەیە دەبێت جوو نەبن کە لەو شارە تۆمارکراون.

ئاکرێ بە پلەی سێیەم دێت لە ڕووی ژمارەی جووەکانی بادینانەوە، ژمارەیان لەم قەزایە بە (١٠١٤) کەس دانراوە، ئەوانیش دابەشبوون بۆ هەریەک لە سەنتەری قەزا (٤٧٢) کەس، ئەم ژمارەیە شارنشینەکان پێکدێنن، ئەوانی دیکەش کە لە نیوە زیاتریان جووە گوندنشینەکان پێکدێنن کە دابەشبوون بەسەر ناحیەی سورچی (بجیل) (٢٤٧) کەس، ناحیەی بیرە کەپرە (٩٦) کەس و ناحیەی العشائر السبعة (بەردەڕەش) (١٩٩) کەس، هەربۆیە ٤٦.٥٪ی جووەکانی قەزایەکە شارنشین و ٥٣.٥٪ گوندشین بوون.

لە قەزای شنگال ژمارەی جووەکان گەیشتۆتە ٥٢٥ کەس، جگە لە یەک کەس کە لە ناوەندی قەزاکە بووە، ئەوانی دیکە هەمووی لە ناحیەی شیمال (سنونێ) نیشتەجێبوونە، بەو پێیەش ١٠٠٪ی جووەکانی ئەم قەزایە شارنشین بوون. دوو توێژەریش پێیانوایە کە ئەو یەک جووەی ناوەندی شنگال پیشەگەرێک بووە لەوکات لەوێ بووە و تۆمارکراوە (محمود شیخ سین حسو الريكاني، ٢٠١٢: ١٥١ ؛ شكر خضر مراد بازو، ٢٠١٢: ١٤٥).

قەزای ئامێدی کە ناوەندێکی گرنگی جووەکان بووە و چەندین شوێنی پیرۆزی تێدایە بە تایبەتی مەزاری پیاوچاکەکانیان، ٣٠٣ جووی لێبووە و زۆرینەیان گوندنشین بوون کە دابەشبوون بە سەر ناوەندی قەزا ٢٠ کەس کە تەنها ئەمانە شارنشین بوون، ئەوانی دیکە زۆربەیان کەوتبوونە گوندەکانی ناحیەی نێروە و ڕێکان، ناحیەی بەرواری باڵا و ناحیەی ئامێدی، بەمەش ٩٢.٤٪ یان گوندنشین بوون.

هەرچی قەزای شێخانە ئەوا ژمارەیەکی کەمتری جووی تێدا نیشتەجێ بوون، ژمارەیان گەیشتۆتە ١٦٣ کەس و ٩٠.٨٠٪ شارنشین بوون، دابەشبوون بۆ ناوەندی قەزا ١٦٠ کەس و ناحیەی ئەلقوش ٣ کەس، هەرچەندە ئەلقوش شوێنێکی پیرۆزبووە بۆ جووەکان و مەزاری پێغەمبەر ناحومی لێبوو، بەڵام ژمارەیەکی کەمی جووی تێدا تۆمارکراوە، لە کاتێکدا بەپێی سەرچاوە عیبرییەکان لە سەدەی نۆزدەم ٣٠ خێزانی جووی تێدا ژیاوە، هەمان سەرچاوە ئاماژە تەنها بە خێزانێکی جوو دەکات لە ساڵی ١٩٥٠ لە ئەلقوش ئەویش لەناو حەوشەی کەنیشتەکەیان کە مەزاری ناحومی لێبووە، دەژیان (מוזיאון העם היהודי ، קהילת יהודי אלקוש ، dbs.anumuseum.org.il ).

ژمارەیەک جوو کەوتبوونە سنووری قەزای موسڵ لە ناحیەکانی حەمدانیە (قەرەقوش) ١٠٩ جوو و تلکێف ٢١ جوویان تێدا بووە و زۆرینەشیان گوندنشین بوون بە ڕێژەی ٩٣.٠٨٪، هەروەها قەزای تەلەعفەر ١٤ جووی تێدابووە، لەوانەش ٧ کەس لە سەنتەری قەزا، ٤ کەس لە ناحیەی زومار و ٣ کەسیش لە ناحیەی عیازیە.

سەبارەت بە لیوای دیالە، ئەوا لە کۆی پێنج ناحیە سێیان کەوتبوونە سنووری جوگرافیای کوردستان، لە کۆی جووەکانی ئەو لیوایەش کە ٢٨٥١ کەس بوون ١٨٦٢ کەسیان کەوتبوونە قەزا کوردییەکان بە ڕێژەی ٦٥.٣١٪، هەرچی قەزاکانی بەعقوبە و خاڵسن لە دەرەوەی کوردستان ٩٨٩ جووی تێدابووە، سەبارەت بە قەزای میقدادیە (شارەبان) تەنها ناوەندی قەزاکە لە سنووری کوردستان ٢٠٥ جووی تێدابووە بە ڕێژەی ٧٠.٢١٪ و ناحیەکانی دیکەی دەرەوەی کوردستان وەک ناحیەی ئەبو سەیدا و ناحیەی کەنعان ٨٧ جوویان تێدابووە. هەروەها لە قەزای مەندەلی لە کۆی ٢٦٧ جوو ٢٦١ کەسیان بە ڕێژەی ٩٧.٧٥٪ لە ناوەندی شارەکەدا بوون لە سنووری کوردستان، تەنها ٤ جوو لە ناحیەی

بەلەدروزی دەرەوەی کوردستاندا بوون (المملكة العراقية. ج١، ١٩٥٤: ٢٧٤، ٢٨٤، ٢٩٦).

خشتەی دابەشبوونی جووەکان لە لیوای دیالە (ناوچە کوردییەکان (المملكة العراقية. ج١، ١٩٥٤: ٢٧٤، ٢٨٤، ٢٩٦):

| قەزا | ناحیە | ژمارە | شارنشین | | گوندنشین | | شارنشین | گوندنشین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارە | ڕێژەی سەدی لە قەزا | ژمارە | ڕێژەی سەدی لە قەزا | ڕێژەی سەدی لە کۆی شارنشینەکانیان لە لیوا | ڕێژەی سەدی لە کۆی گوندنشینەکانیان لە لیوا |
| خانەقین | ناوەند | ١١٧٣ | ١١٧٣ | ٩٠.٨٢ | | ٩.١٨ | ٧٣.١٨ | ٩٦.٩٧ |
| | ناحیەی خانەقین | ٥٥ | | | ٥٥ | | | |
| | هەورین شێخان | | | | | | | |
| | قوڕەتوو | ٣١ | | | ٣١ | | | |
| | سەعدیە | ١٣٥ | ٩٣ | | ٤٢ | | | |
| کۆی گشتی | | ١٣٩٤ | ١٢٦٦ | | ١٢٨ | | | |
| مەندەلی | ناوەندی مەندەلی | ٢٦٣ | ٢٥٩ | ٩٨.٥ | ٤ | ١.٥ | ١٤.٩٧ | ٣.٠٣ |
| کۆی گشتی | | ٢٦٣ | ٢٥٩ | | ٤ | | | |
| میقدادیە | ناوەندی شارەبان | ٢٠٥ | ٢٠٥ | ١٠٠ | | ٠ | ١١.٨٥ | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٢٠٥ | ٢٠٥ | | | | | |
| کۆی گشتی لیوا | | ١٨٦٢ | ١٧٣٠ | ٩٢.٩١ | ١٣٢ | ٧.٠٩ | ١٠٠ | ١٠٠ |

قەزای خانەقین وەک ناوەندێکی گرنگی جووەکان بە تایبەتی کە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بووە لەنێوان عێراق و ئێران و کەتبووە سەر سنوور، جگە لەو پێکەوەژیانەی لەنێوان دانیشتووانەکەیدا هەبووە، بە تەنیا هێندەی هەموو لیوای دیالە جووی تێدا نیشتەجێبووە، هەربۆیە بەپێی پاشکۆی نیزامی تائیفەی ئیسرائیلی ژمارە ٤٨ی ساڵی ١٩٣٢ی عێراق کرایە ناوەندی بازنەی جووەکانی دیالە (الوقائع العراقية، ١٩٣٢: العدد ١٢٠٧؛ خلدون ناجي معروف. ج١، ١٩٧٥: ١٣٤)، دواییش لەهەمان ساڵی سەرژمێرییە گشتییەکە بەپێی یاسای ژمارە ٣٤ی ساڵی ١٩٤٧ خانەقین بە

ناوەندی ناوچەی دیالە مایەوە (خلدون ناجي معروف. ج١، ١٩٧٥: ١٣٤-١٣٥).

قەزای خانەقین کە پێنج ناحیەی لەخۆگرتبوو ١٣٩٤ جووی تێدابووە، لەو ژمارەیەش زۆربەیان لە ناوەندی خانەقین نیشتەجێبوون کە ١١٧٣ کەس بوون، ئەوانی دیکە دابەشبوون بەسەر ناحیەکانی خانەقین و قۆڕەتوو و سەعدیە، ڕێژەی ٩٠.٨٢٪ی جووەکانی قەزایەکە شارنشین بوون. قەزای مەندەلیش ٢٦٣ جووی تێدابووە کە ڕێژەی ٩٨.٥٪ی لە ناوەندی شارەکەدابوون و ڕێژەی شارنشینەکانیشی لە ئاستی لیواکەدا ٩٧.١٤٪ بوو، پاشان لە قەزای میقدادیە (شارەبان) لە ناوەندی شارەکە کە بەشێکە لە جوگرافیای کوردستان ٢٠٥ جوو تۆمارکراون و هەموویان شارنشین بوون.


خشتەی دابەشبوونی جووەکان لە لیوای کوت (ناوچە کوردییەکان) (المملكة العراقية. ج١، ١٩٥٤: ٢٣٥):

| قەزا | ناحیە | ژمارە | شارنشین: ژمارە | شارنشین: ڕێژەی سەدی لە قەزا | گوندنشین: ژمارە | گوندنشین: ڕێژەی سەدی لە قەزا | شارنشین: ڕێژەی سەدی لە کۆی شارنشینەکانیان لە لیوا | گوندنشین: ڕێژەی سەدی لە کۆی گوندنشینەکانیان لە لیوا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەدرە | ناوەند | | | | | | | |
| | زرباتیە | ٤ | ٤ | ١٠٠ | | ٠ | ١٠٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ٤ | ٤ | | ٠ | | | |
| کۆی گشتی لیوا | | ٤ | ٤ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ١٠٠ | ٠ |

هەرچی سنووری لیوای کوتە لە کۆی ٣٤٩ جووی لیوایەکە تەنها ٤ کەسی جوو لە سنووری کوردستان لە قەزای بەدرە تۆمارکراون بە ڕێژەی ١.١٥٪ی جووەکانی لیوایەکە، ئەوانیش لە ناوەندی شارەدێی

زرباتیە، واتە لە ناوەندی قەزاکە هیچ جوویێک تۆمارنەکراوە (المملكة العراقية. ج١، ١٩٥٤: ٢٣٥).

سەبارەت بە ژمارە و ڕێژەیان لە کۆی دانیشتووانی کوردستان ئەوا جووەکان لە سەرجەمی ١,١٨٨,٠٥٥ کەس لە دانیشتووانی کوردستانی عێراق ٠٧٥,١٦ کەس جوو بوون بە ڕێژەی ١.٣٥٪.




## دابەشبوونی جووەکان بەپێی شارنشینی و گوندنشینی:


بەپێی سەرژمێریی گشتی ساڵی ١٩٤٧ لە هەریەک لە لیواکان ژمارەی جووەکان بەسەر شار و گوندەکاندا دابەشببوون، بە جۆرێک ڕێژەیان لە لیوایەکەوە بۆ لیوایەکی دیکە جیاوازە، ئەمەش پەیوەندی بە سروشتی لیواکانەوە هەیە کە چۆن دەرفەتی ژیانیان لەنێوان شار و گوندەکاندا تێدا گونجاوە، بەمەش لە لیوای هەولێر ژمارەی زیاتریان شارنشین بوون بە ڕێژەی ٦٨.٥٨٪ و ٣١.٤٢٪ گوندشین بوون، بەڵام لە لیوای سلێمانی ڕێژەی شارنشینەکانیان دەگاتە ٩٩.٤٧٪ و تەنها ٠.٥٣٪ گوندنشین بوون، ئەو ژمارەی لە لیوای کەرکوکیش هەبوون ٩٦.٧٦٪ شارنشین و ٣.٢٤٪

گوندنشین بوون، بەڵام لە ناوچەی بادینان لەبەرئەوەی لە ناوچەیەکی فراوانتر بڵاوبوونەتەوە و بەهۆی سروشتی ناوچەکە و پارێزگاریی سەرۆکهۆزەکان بە ئەندازەیەکی زیاتر، ڕێژەی گوندنشینەکانیان لە هەموو لیواکانی دیکە زیاترە، تەنانەت لەم ناوچەیە دوو گوندی تایبەت بەخۆشیان هەبوو، گوندی سندۆر و گوندی بێتنور لە ناحیەی بەرواری باڵای سەربە قەزای ئامێدی، بە ڕێژەیەکی زۆریش لە گوندی بەراش هەبوون (صديق الدملوجي، ١٩٩٩: ٣٦؛ احمد سوسة، ٢٠٠١: ٣٧)، هەرچەندە لەم سنوورەش شارنشینەکانیان زۆرترە لەچاو گوندنشینەکان، بە جۆرێک ٦٤.٦١٪ شارنشین و ٣٥.٣٩٪ گوندنشین بوون.

لە قەزا کوردییەکانی دیالە بەهۆی شوێنی خانەقین وەک ناوەندێکی بازرگانی هەروەک مێژوونووسێک گوتوویەتی "بازرگانی لە خانەقین ڕەواجێکی گەورەی هەیە بەهۆی شوێنەکەیەوە و بەدەستی جووەکانەوەیە (مامۆستا جەعفەر، ٢٠١٧: ٢٥٤)، ڕێژەی ٩٢.٩١٪ی جووەکانی ئەو ناوچەیە شارنشین و ٧.٠٩ش گوندنشین بوون، هەرچی قەزای بەدرەیە لە لیوای کوت کە ژمارەیان چوار جوو بوون ١٠٠٪ شارنشین بوون.

### خشتەی دابەشبوونی جووەکان بەپێی شارنشین و گوندنشین لەسەر ئاستی لیواکان:

| لیوا | شارنشین | ڕێژەی سەدی | گوندنشین | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| هەولێر | ٢١٣٢ | ٦٨.٥٨ | ٩٧٧ | ٣١.٤٢ |
| سلێمانی | ٢٢٥٩ | ٩٩.٤٧ | ١٢ | ٠.٥٣ |
| کەرکوک | ٣٩١١ | ٩٦.٧٦ | ١٣١ | ٣.٢٤ |
| موسڵ (ناوچەی بادینان) | ٣٠٩٣ | ٦٤.٦١ | ١٦٩٤ | ٣٥.٣٩ |
| دیالە (خانەقین و شارەبان و مەندەلی) | ١٧٣٠ | ٩٢.٩١ | ١٣٢ | ٧.٠٩ |
| کوت (بەدرە) | ٤ | ١٠٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی دانیشتوانی لیواکان | ١٣١٢٩ | ٦٧.٨١ | ٢٩٤٦ | ١٨.٣٣ |





سەبارەت بە دابەشبوونی جووەکان بەپێی شارنشینی و گوندنشینی لەسەر ئاستی سەرجەم دانیشتوانەکانیان لە کوردستان بەرزترین ڕێژەی جووە شارنشینەکان لە کۆی ژمارەی شارنشینەکانیان لە کوردستان کەوتۆتە لیوای کەرکوک بە ڕێژەی ٢٩.٧٨٪، ئەویش بەهۆی بایەخی شارەکە وەک ناوەندێکی گرنگی بازرگانی، بە تایبەتی کە دوای دۆزینەوەی نەوت لەو شارەدا ژمارەی دانیشتوانەکەی بەرەو هەڵکشان چوو بەهۆی بوونی کۆمپانیاکانی نەوت و پیشەسازی (فوئاد حەمە خورشید، ٢٠٠٧: ٥٩ ؛ میر بصري، ٢٠٠٩: ١٥٧)، جگە لە بایەخە مێژووییەکەی لەڕووی ئاینیەوە کە مەزاری دانیاڵ پێغەمبەری لێیە (گۆران فتحي، ٢٠١٣: ٣٩).

لە دوای لیوای کەرکوک ناوچەی بادینان بە پلەی دووەم دێت لە ڕێژەی جووە شارنشینەکان کە ڕێژەی ٢٣.٥٥٪ی هەموو جووە شارنشینەکانی کوردستانی لەخۆگرتووە، پاشان سلێمانی بە ڕێژەی ١٧.٢٠٪ و هەولێر بە ڕێژەی ١٦.٢٣٪ و ناوچە کوردییەکانی لیوای دیالە بەڕێژەی ١٣.١٧٪ دێت و نزمترینیشیان ناوچە کوردییەکانی لیوای کوتە بەڕێژەی ٠.٠٣٪.


هەرچی ڕێژەی گوندنشینانیشە ئەوا زۆرترین ژمارەیان لە ناوچەی بادینانە لە لیوای موسڵ کە ٥٧.٥٠٪ گوندنشینەکانی جووی سەرجەم کوردستانی لێ کۆبۆتەوە، پاشان لیوای هەولێر بە ڕێژەی ٣٣.١٦٪ لە پلەی دووەم دێت، ئینجا بە ڕێژەیەکی کەم ناوچە کوردییەکانی لیوای دیالە بە ڕێژەی ٤.٤٨٪ و کەرکوک ٤.٤٥٪ و سلێمانی بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بە ٠.٠٤٪ و ناوچە کوردییەکانی کوتیش هیچ جووێکی گوندنشینی تێدا تۆمارنەکراوە.

خشتەی دابەشبوونی جووەکان بەپێی شارنشینی و گوندنشینی لەسەر ئاستی سەرجەم دانیشتوانەکانیان:

| لیوا | ژمارەی دانیشتوانی لیوا | ژمارەی جووەکان | شارنشین | ڕێژەی سەدی | گوندنشین | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| هەولێر | ٢٣٩٧٧٦ | ٣١٠٩ | ٢١٣٢ | ١٦.٢٣ | ٩٧٧ | ٣٣.١٦ |
| سلێمانی | ٢٢٦٤٠٠ | ٢٢٧١ | ٢٢٥٩ | ١٧.٢٠ | ١٢ | ٠.٤٠ |
| کەرکوک | ٢٨٦٠٠٥ | ٤٠٤٢ | ٣٩١١ | ٢٩.٧٨ | ١٣١ | ٤.٤٥ |
| موسڵ (ناوچەی بادینان) | ٣٢٢٣٤٩ | ٤٧٨٧ | ٣٠٩٣ | ٢٣.٥٥ | ١٦٩٤ | ٥٧.٥٠ |
| دیالە (خانەقین و شارەبان و مەندەلی) | ٩٧٣٣٦ | ١٨٦٢ | ١٧٣٠ | ١٣.١٧ | ١٣٢ | ٤.٤٨ |
| کوت (بەدرە) | ١٦١٨٩ | ٤ | ٤ | ٠.٠٣ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی دانیشتوانی لیواکان | ١١٨٨٠٥٥ | ١٦٠٧٥ | ١٣١٢٩ | ٨١.٦٧ | ٢٩٤٦ | ١٨.٣٣ |




لە سەرجەمی جووەکانی هەموو کوردستان دەردەکەوێت زۆرینەیان شارنشین بوون، بە جۆرێک ١٣١٢٩ کەس لە ناوەندی شارە گەورە و قەزا و شارەدێییەکان دانیشتوون بە ڕێژەی ٨١.٦٧٪ کە زۆربەیان بە بازرگانی و پیشەگەرییەوە سەرقاڵبوون، لە بەرانبەردا ٢٩٤٦ کەسیان بە ڕێژەی ١٨.٣٣٪ی جووەکان لە گوندەکانی کوردستان لە ناوچە جیاواز و بەربڵاوەکان ژیاون، ئەوانیش زۆرینەیان خەریکی پیشەگەری و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون، بەڵام ئەو ژمارە و ڕێژەیە بەردەوام لە گۆڕاندابووە بەهۆی کۆچی بەردەوامیان و گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، بە تایبەت لەو شوێنانەی خاوەن زەوی و زار نەبوونە تاکو بە زەوییەکانیانەوە ببەسترێنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، کۆچێکی بەردەوامی جووەکان ڕووەو شارەکان هەبووە.




بەرزیی ڕێژەی جووەکان لە شاردا لەچاو گوندەکان جگە لە هۆکاری گشتی بۆ کۆمەڵێک هۆکاری تایبەت بەخۆیان دەگەڕێتەوە، لەوانە سروشتی ئەوان بۆ کار و بازرگانی کە دیارە شارەکان بۆ ئەم مەبەستە لەبارترن و بازاڕی کاریان باشترە، هەروەها هەستکردن بەوەی لە ڕووی ئازادییەوە لە شارەکاندا ژیانیان پارێزراوتر و سەربەخۆتر دەبێت لەچاو گوندەکان کە مۆرکی عەشایەری تێدا زاڵتر بوو، دانەبڕان لە جیهانی دەرەوە و نەپچڕانی پەیوەندییان لەگەڵ ناوەندی سەرەکییان کە بەغدا بوو، شار بۆ پاراستنی شوناسی ئاینی گونجاوتر بوو بەو پێیەی لە بۆنە و مەراسیمە ئاینییەکاندا ژمارەیەکی زۆرتریان لە پەرستگاکانیاندا کۆدەبوونەوە و بوونی دامودەزگاکانی ئەمنی و یاساییەکان لە شارەکاندا بە تایبەتی لە ڕێگەی ئەمانەوە پارێزراوتر دەبوون.

جێی ئاماژەیە کە دابەشبوونی جووەکانی بەسەر ناوچە و گوندەکان بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بە تایبەتی سەردەمی عوسمانییەکان جیاوازی هەیە لەگەڵ سەردەمی ئینگلیز و دەوڵەتی عێراقی، بۆ وێنە هەندێ گوند و ناوچە هەن لە سەردەمی عوسمانییەکان ژمارەیەک جووی تێدا تۆمارکراوە، کەچی هەمان شوێن لە سەردەمی

دەوڵەتی عێراقی هیچ کەسێکی جووی تێدا نەژیاوە، ئەمەش پەیوەستە بە هۆکاری جیاجیاوە.

**دابەشبوونی جووەکان بەپێی ڕەگەز:**


سەبارەت بە دابەشبوون بەپێی ڕەگەزی نێر و مێ بەپێی سەرژمێریی ١٩٤٧، بە گشتی جۆرێک لە هاوسەنگیی سروشتی لەنێو جووەکانی کوردستاندا هەبووە بەپێی دابەشبوونیان بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا و ڕێژەکانیان زۆر لێک نزیکن، لە زۆربەی ناوچەکانیشدا نێر و مێ تۆمارکراون، تەنها لە چەند شوێنێکدا حاڵەتی ناسروشتی بەدیدەکرێن کە ئەوەش بەڵگەی وردنەبوونی سەرژمێرییەکە دەردەخات، بۆ نموونە لە لیوای سلێمانی لە هەریەک لە ناحیەکانی تانجەڕۆ و قەرەداغ و لە قەزای هەڵەبجە لە ناحیەی خورماڵ تەنها یەک کەسی جوو تۆمارکراوە ئەویش نێر، هەروەها لە لیوای کەرکوک لە ناوەندی قەزای چەمچەماڵ تەنها دوو کەس ئەویش نێر بوون تۆمارکراون، لە سنووری لیوای موسڵیش لە قەزای ناوەند ناحیەی تلکێف بیست و یەک جوو هەمووی نێر بوونە، لە ناوەندی قەزای شنگال تەنها یەک جوو ئەویش نێر بووە، لە قەزای تەلەعفەر لە ناحیەی عیازیە سێ جوو و ناحیەی زومار چوار جوو کە هەموویان نێر بوون، هەروەها لە ناحیەی زرباتیەی قەزای بەدرە لە لیوای کوت تەنها چوار جووی تێدا تۆمارکراوە ئەوانیش نێر بوون، بوونی تەنها ئەو ژمارە نێرە لەم شوێنانە چەند ئەگەرێکی هەیە، یان هەموو جووەکان تۆمارنەکراون، یان ئەو کەسانە نیشتەجێی بەردەوامی ئەو شوێنانە نەبوونە و بە کاتی بۆ کاری بازرگانی و پیشەگەری لەو شوێنانە بوونە و تۆمارکراون، هەروەک لە سەنگاو تەنها چوار جوو هەبوونە کە بۆ کاری بازرگانی بە شێوەیەکی کاتی لەوێ نیشتجێبوونە و هەمووشیان پیاو بوون (سەلاح حسێن ئەحمەد، ٢٠٢٠: ل٢٢٨)، هەرچەندە لە سەرژمێرییەکەدا هیچ جووێک لەو ناحیە تۆمارنەکراوە، ئەگەرێکی لاوازیش ئەوەیە کە

ژمارەکان ڕاستەقینەبن و ئەو جووانە بە تەنهایی و سەڵتی لەو شوێنانە ژیابن و خێزانیان پێکەوە نەنابێت.

دەکرێ وا لێکبدرێتەوە کە بەشێک لە جووەکان بە تایبەتی پیاوەکانیان بەهۆی گەڕان و کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و شارەکەدا بن و تۆمارنەکرابن، چونکە ئەوان بەردەوام خەریکی کار و بازرگانی بوون و بەشێکیان بە گوندەکاندا دەگەڕان بۆ ئەم مەبەستە و تاچەند ڕۆژێک نەدەگەڕانەوە، دەشکرێ ئەوانە لەو شوێنانە تۆمارکرابن کە بەهۆی کار و بازرگانییەوە لێی بوونە، هەرچەندە حکومەت بڵاویکردبووە کە لە ڕۆژی سەرژمێرییەکەدا لە شار و گوند و دەوارنشینەکانیش کەس لە ماڵەوە دەرنەچێت تاکو ناویان تۆماربکرێت (علاءالدين سجادی، ١٩٥٢: ٦٥).


خشتەی دابەشبوونی جووەکان لە کوردستان بەپێی ڕەگەز (المملكة العراقية، ١٩٥٤: ج١، ج٢):

| لیوا | ژمارەی دانیشتووانی لیوا | ژمارەی جووەکان | ڕەگەزی نێر | ڕێژەی سەدی | ڕەگەزی مێ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٣٩٧٧٦ | ٣١٠٩ | ١٤٩٣ | ١٨.٧٩ | ١٦١٦ | ١٩.٨٧ |
| سلێمانی | ٢٢٦٤٠٠ | ٢٢٧١ | ١١٠٥ | ١٣.٩١ | ١١٦٦ | ١٤.٣٣ |
| کەرکوک | ٢٨٦٠٠٥ | ٤٠٤٢ | ٢٠٤٨ | ٢٥٧٨ | ١٩٩٤ | ٢٤.٥٢ |
| موسڵ (ناوچەی بادینان) | ٣٢٢٣٤٩ | ٤٧٨٧ | ٢٣٦٣ | ٢٩.٧٥ | ٢٤٢٤ | ٢٩.٨٠ |
| دیاله (خانەقین و مەندەلی) | ٩٧٣٣٦ | ١٨٦٢ | ٩٣٠ | ١١.٧٠ | ٩٣٢ | ١١.٤٦ |
| کوت (بەدرە) | ١٦١٨٩ | ٤ | ٤ | ٠.٠٥ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی دانیشتوانی لیواکان | ١١٨٨٠٥٥ | ١٦٠٧٥ | ٧٩٤٣ | ٤٩.٤١ | ٨١٣٢ | ٥٠.٥٩ |





سەبارەت دابەشبوونی ڕێژەی نێر و مێ بەپێی ئاماری سەرژمێرییە گشتییەکە، هەروەک دابەشبوونی ڕێژەی سەرجەم دانیشتووانی جوو لە هەموو کوردستان بەهەمان شێوە لە کۆی گشتی جووەکانی کوردستان ناوچە کوردییەکانی لیوای موسڵ بەرزترین ڕێژەی نێر و مێی تیدابووە، نێر ٢٩.٧٥٪ و مێ ٢٩.٨٠٪ی سەرجەم جووەکانی کوردستانیان پێکهێناوە، لەدوای بادینان لیوای کەرکوک دێت کە ٢٥.٧٨٪ی نێر و ٢٤.٥٢ی مێی هەموو جووەکانی کوردستان پێکدێنن، دواتر لیوای هەولێر و ناوچە کوردییەکانی دیالە و بە پلەی کۆتاییش ناوچە کوردییەکانی کوت دێن.

لە کۆی گشتیی ژمارەی جووەکانی کوردستان ٧٩٤٣ کەس لە ڕەگەزی نێر بوون، کە دەکاتە ڕێژەی ٤٩.٤١٪ و ٨١٣٢ کەسیش لە ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی ٥٠.٥٩٪، بەمەش ڕەگەزی مێ زیاتر بووە بە جیاوازی ١.١٨٪، ئەو جیاوازییە لەنێوان ژمارەی نێر و مێ تەنها لە ئاماری جووەکاندا ڕەنگینەداوەتەوە، بەڵکو لە کۆی سەرژمێرییەکە بەدیدەکرێت، لە کۆی دانیشتووانی وڵات ڕێژەی مێ زیاتر بووە لەچاو نێر، ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بە خۆتۆمانەکردنی نێرەکانەوە هەیە لە ترسی سەربازی، یان خۆتۆمارکردنیان بە مێ کە دیاردەیەکی باوبووە لەو سەرژمێرییەدا.




هەرچی دابەشبوونی ڕەگەزی جووەکانە لەسەر ئاستی هەر لیوایەک بەجیا، ئەوا ڕێژەکانیان جیاوازییەکی کەمیان لەنێواندا هەیە، لە هەموو لیوایەکانیش بە ئەندازەیەکی کەم و ئاسایی ڕێژەی مێ زیاترە لەچاو نێر[١٢]، تەنها لیوای کەرکوک نەبێت کە بە پێچەوانەوە ڕێژەی ڕەگەزی نێر زیاترە بە ڕێژەیەکی کەم ٥٠.٦٧٪ بە ٤٩.٣٣٪، جیاوازییەکەش بە ڕێژەی ١.٣٤٪ە، هەروەها بەدرە لە لیوای کوت چوار کەسی تێدابووە هەمووی ڕەگەزی نێر بووە، لە لیوایەکانی دیکەش ئەگەرچی ڕێژەی مێ زیاترە، بەڵام جیاوازییەکە کەمە، گەورەترین جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەگەز کەوتۆتە لیوای هەولێر بە ڕێژەی ٤٨.٠٢٪ی نێر و ٥١.٩٨٪ مێ و بە جیاوازیی ٣.٧٨٪ ڕەگەزی مێی تێدا زیاتر بووە لە نێر، لە لیوای سلێمانیش بە جیاوازی ٢.٦٨٪ مێ زیاترە، ناوچەی بادینان بە ڕێژەی ١.٢٧٪ مێ زیاتربووە، ناوچە کوردییەکانی لیوای دیالەش ڕێژەکان نزیکی یەکسانن و بە ٠.١٪ مێ زیاترە.

| لیوا | ڕەگەزی نێر | ڕێژەی سەدی | ڕەگەزی مێ | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| هەولێر | ١٤٩٣ | ٤٨.٠٢ | ١٦١٦ | ٥١.٩٨ |
| سلێمانی | ١١٠٥ | ٤٨.٦٦ | ١١٦٦ | ٥١.٣٤ |
| کەرکوک | ٢٠٤٨ | ٥٠.٦٧ | ١٩٩٤ | ٤٩.٣٣ |
| موسڵ (ناوچەی بادینان) | ٢٣٦٣ | ٤٩.٣٦ | ٢٤٢٤ | ٥٠.٦٣ |
| دیالە (خانەقین و مەندەلی) | ٩٣٠ | ٤٩.٩٥ | ٩٣٢ | ٥٠.٠٥ |
| کوت (بەدرە و زرباتیە) | ٤ | ١٠٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی دانیشتوانی لیواکان | ٧٩٤٣ | ٤٩.٤١ | ٨١٣٢ | ٥٠.٥٩ |




## دابەشبوون و ڕێژەی جووەکانی کوردستان لە ئاستی عێراقدا:

سەبارەت بە دابەشبوونی جووەکان لە عێراقدا، ئەوا بە ڕێژەی جیاواز بە سەر هەموو لیواکانی ئەو کاتی عێراقدا دابەشبوون، بەشێوەیەکی گشتیش بەغدا ناوەندی سەرەکی هەموو جووەکانی عێراق بووە و بەرزترین ڕێژەیان لەوێ نیشتەجێبوون، بە جۆرێک بە تەنیا نزیکەی دوو لەسەر سێی هەموو جووەکانی عێراقی تێدا کۆببووەوە، هەروەک لە خشتەی خوارەوە دیاردەبێت:

خشتەی دابەشبوونی جوولەکان لە عێراق (المملكة العراقية، ١٩٥٤: ج١، ج٢، ج٣):

| ز | لیوا | ژمارەی جوولەکان | ڕێژەی سەدی لە سەرجەمی جوولەکانی عێراق |
|---|---|---|---|
| ١ | بەغدا | ٧٧٥٤٢ | ٦٥.٧١ |
| ٢ | بەسرا | ١٠٥٣٧ | ٨.٩٢ |
| ٣ | موسڵ | ١٠٣٤٥ | ٨.٧٦ |
| ٤ | کەرکوک | ٤٠٤٢ | ٤٢.٣ |
| ٥ | هەولێر | ٣١٠٩ | ٢.٦٣ |
| ٦ | دیالە | ٢٨٥١ | ٢.٤١ |
| ٧ | سلێمانی | ٢٢٧١ | ١.٩٢ |
| ٨ | عیمارە | ٢١٣١ | ١.٨٠ |
| ٩ | حلە | ١٨٦٥ | ١.٥٨ |
| ١٠ | دلێم | ١٤٤٢ | ١.٢٢ |
| ١١ | دیوانیە | ٨٢٥ | ٠.٦٩ |
| ١٢ | مونتەفک | ٦٥٢ | ٠.٥٥ |
| ١٣ | کوت | ٣٤٩ | ٠.٢٩ |
| ١٤ | کەربەلا | ٣٩ | ٠.٠٣ |
|  | **کۆی گشتی** | **١١٨٠٠٠** | **١٠٠** |

لە سەرژمێرییەکەدا دەردەکەوێت کە چوارەم لیوای عێراق لە ڕووی زۆریی ژمارەی جوو لیوای کەرکوک بووە لەدوای لیواکانی بەغدا و بەسرا و موسڵ، هەولێریش بە پلەی پێنجەم دێت، دیالە شەشەم و سلێمانی بە پلەی حەفتەم دێت.


لێرەدا دەردەکەوێت کە کوردستان لە دوای بەغدا زۆرترین ژمارەی جووی تێدا نیشتەجێ بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار لەوانە، پاشخانی مێژوویی و ئەو لێبووردەیی و پێکەوەژیانەی لە کوردستان هەبووە و چالاکیی ئابووری و بازرگانیی شارەکانی کوردستان و بوونی شوێنی ئاینی و مەزاری پیرۆزی تایبەت بە جوولەکان[١٣].

به شێوەیەکی گشتی بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٤٧ ژمارەی جووەکانی کوردستانی عێراق ١٦،٠٧٥ کەس بووە، لە کۆی ١١٨،٠٠٠ جوو لە هەموو عیراقدا، هەرچەندە لە سەرچاوەکاندا ژمارەی جووەکانی کوردستان بە جیاواز باسدەکرێن، کە ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەشێک لەو نووسەرانە ژمارەی جووەکانی لیوای موسڵ هەمووی دەخەنەسەر کوردستان لەکاتێکدا زیاتر لە نیوەی جووەکانی ئەو لیوایە (٥٥٥٨ لە کۆی ١٠٣٤٥ جوو) لەناو شاری موسڵ و ناوچە عەرەبییەکانی سەر بە لیوایەکەدا بوون (المملكة العراقية. ج٢، ١٩٥٤: ٢٢).

ژمارە و ڕێژەی جووەکان لە کوردستان و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق:

| ناوچە | ژمارەی جووەکان | ڕێژەی سەدی دابەشبوونیان |
|---|---|---|
| کوردستانی عێراق | ٠٧٥،١٦ | ٦٢،١٣ |
| ناوەڕاست و خوارووی عیراق | ٩٢٥،١٠١ | ٣٧،٨٦ |
| کۆی گشتی | ٠٠٠،١١٨ | ١٠٠ |

لەم خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کەوا ڕێژەی ١٣.٦٢٪ی سەرجەم دانیشتووانی جوو لە هەموو عێراقدا کەوتوونەتە سنووری کوردستان، بۆیە کوردستان بایەخی تایبەتی هەبووە بۆ جووەکان بە تایبەتی بۆ زایۆنیزم و ڕێکخراوەکانی، هەروەک چالاکییان لەنێودا ئەنجامداون و بە وردیش چاودێرییان کردوون (شلۆمۆ نەکدیمۆن، ٢٠١١: ٣٢-٣٣).




لەدوای سەرژمێریی ١٩٤٧ تاکو کۆچکردنیان لە ١٩٥٠-١٩٥١ ماوەیەکی زۆر نییە بۆ ڕوودانی گۆڕانکاریی گەورە لە ژمارە و شوێنی نیشتەجێبوونی جووەکاندا، هەرچەندە بەهۆی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨ و بە هاندانی بزاڤی زایۆنی دیاردەی کۆچ بەرەو دەوڵەتە نوێیەکە بەردەوام بوو، ئەمەش تارادەیەک کاریگەری لەسەر ژمارەکەیان دروستکردووە، چونکە بەپێی سەرچاوە ئیسرائیلییەکان لە ساڵی ١٩٤٨ لە هەموو عێراق تەنها ١٥ جوو و ساڵی ١٩٤٩ ش ١٧٠٨ جوو کۆچیان کردۆتە ئیسرائیل (Moshe Sicron, 1957: 22)، بەڵام سەرچاوەیەکی دیکەی ئیسرائیلی جگە لەو ژمارەیەی کۆچیان کردۆتە ئیسرائیل پێیوایە لەوە زیاتر کۆچیان کردبووە ئێران و لە کەمپەکان دەژیان، بە جۆرێک لە ماوەیەکی کورت لە ناوەڕاستی ١٩٤٩ تاکو کۆتایی شوباتی ١٩٥٠ پێش دەرچوونی یاسای لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە، دە هەزار جوو عێراقیان بەرەوە ئێران بەجێهێشتووە (حاییم ی. کوهین، ٢٠١٣: ٣١٢)، بەم جۆرە ژمارەیان لە هەموو عێڕاق و کوردستانیش بەردەوام لەکەمیداوە، دوای ئەوەش ئاماری ورد لەوبارەوە بەردەست نییە، تەنها ئەو ئامارە نەبێت کە ژمارەی ئەو جووانەمان نیشاندەدات کە ڕەگەزنامەی عێراقییان لێسەندراوەتەوە، بەپێی ئەو تۆمارانەش دەوروبەری ١٧-١٨ هەزار جوو لە کوردستان ڕەگەزنامەیان

لێسەندراوەتەوە و کۆچیان کردووە (خلدون ناجي معروف. ج٢، ١٩٧٦: ٢٧٦-٢٧٧ ؛ احمد سوسة، ٢٠٠١: ٣٩)، دەکرێ ئەمەیان بە کۆتا ژمارەی جووەکان لەماوەی ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥١ لە کوردستان هەژماربکرێت.

سەبارەت بە گەشەی دانیشتوانی جوو لە کوردستان ئەوا شیکردنەوە و هەژمارکردنی ئەو گەشەیە لەسەر دوو بنەمای دیمۆگرافی دەوەستێت، ئەوانیش ڕێژەی لەدایکبوون و مردن لەلایەک، کۆچ و ئاوارەبوون لەلایەکی دیکەوە، هەرچی تایبەتە بە جیاوازی نێوان لەدایکبوون و مردن ئەوا ناتوانرێ لێکدانەوەیەکی ڕاستەقینەی لەسە بنیادبنرێ، چونکە تۆمارێکی ڕاستەقینەی لەدایکبوون و مردن نەک هەر بۆ جووەکان بەڵکو لە هەموو عێراقدا نەبووە (پشتیوان شەفیق ئەحمەد، ٢٠١٢: ٢٨-٢٩) تاکو بەهۆیەوە بتوانرێ شیکردنەوەی باری دیمۆگرافی جووەکانی پێ ئەنجامبدرێ، ئەوەی ڕوونە ئەوەی کاریگەریی لەسەر گەشەی دانیشتوانی جوو لەو ماوەیەدا هەبووە دیاردەی کۆچکردنە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئەمەش گۆڕانکاری لە شوێن و ڕێژەی جووەکان دروستکردووە، هەرچەندە لەمەشیاندا ئاماری ورد بەردەست نین تاکو بە وردی گەشەی دانیشتووانی جووی پێ ڕوونبکرێتەوە، بۆیە بە پشتبەستن بەو بنەمایانە وێنەی ڕاستەقینەی گەشەی دانیشتوانی جوو لە کوردستانمان بۆ ڕوونتابێتەوە، تەنها بەراوردی ئامارە جۆربەرجۆرەکان وێنەیەکمان نیشاندەدات لەو گۆڕانکارییانەی ڕوویانداوە.

هەرچەندە گەشەی دانیشتوان پێویستییەکی فرەڕەهەندە، بە تایبەتی لە ڕووی ستراتیژی، سیاسی، ئابووری و ئاسایشی نەتەوەییەوە، بۆیە بۆتە سیمای دیاری زۆرێک لە نەتەوەکان (ئەحمەد عەبدوڵڵا خدر، ٢٠٠٦: ٥٤)، بەڵام ئەو گەشەیە لەنێو جووەکانی کوردستاندا بە شێوەیەکی ئاسایی بەدیناکرێت، چونکە بە بەراوردی ژمارەی جووەکانی کوردستان لە سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی بیستەم کە بە ١٢-١٣ هەزار کەسێک

مەزندەکراوە، لە ساڵی ١٩٣٠ش بە ١٧-١٨ هەزار، لە سەرژمێریی ساڵی ١٩٤٧یش ١٦٠٧٥ جوو تۆمارکراوە، لەگەڵ کۆتا ژمارە کە ١٧-١٨ هەزار کەس بووە، دەبینین ژمارەی جووەکان تەنها لەماوەی ١٩٢١ تاکو ١٩٣٠ زیادبوونی بەخۆوە بینیوە، لەماوەی بیست ساڵی دواتر لە ١٩٣٠-١٩٥١ لە یەک ئاستدا وەستاوە و لەنێوان ١٦-١٨ هەزار دەخولێتەوە، ئەمەش لە گەشەی دانیشتووان شتێکی سروشتی نییە و بە بەراورد بە دانیشتووانی دیکە کەمیکردووە، بە تایبەتی کە دەبینین لە ماوەی ١٩٣٠ تاکو ١٩٤٧ ژمارەیان لەکەمیداوە، بە شێوەیەکی گشتیش بەپێی ئەو ئامار و داتایانەی لە ماوەی ١٩٢١-١٩٥١ بە فەرمی و نافەرمییەوە بە گشتی و لاوەکییەوە ژمارەی جووەکان لە یەک بازنە دەخولێتەوە، بەمەش ڕێژەیان لە سەرجەمی دانیشتووان بەردەوام لە دابەزیندابووە، چونکە بەرانبەرەکەیان بەردەوام ژمارەیان زیادیکردووە.

**ئەنجام:**

- جووەکان لە سەرەتای بڵاوبوونەوەیان لە کوردستان لە ناوچە جیاجیاکان نیشتەجێبوون، بە جۆرێک ئاوێتەی سروشت و کۆمەڵگەی کوردستان بوون و خۆیان گونجاندووە لەگەڵ ژینگەکەی.

- ئامار و دابەشبوونی جووەکان لە کوردستان بە فەرمی و نافەرمییەوە وەک هەموو دانیشتووانی وڵاتەکە لەو ماوەیەدا ئاماری زۆر ورد نین، نافەرمییەکان زیاتر مەزندەی لایەنە جۆربەجۆرەکانن و سەرژمێرییە فەرمییەکەش کە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە کراوە کەموکورتی تێدایە، بەڵام لەهەموو ئامارەکانی دیکە وردترە.

- به شێوەیەکی گشتی جووەکان لە هەموو کوردستان لە زاخۆوە تا خانەقین و مەندەلی بڵاوببوونەوە، لە شار و شارۆچکە و گوندەکان لە دەشت و ناوچە شاخاوییەکان، هەر شار و ناوچەیەک ژمارەیەک خێزان و ماڵی جووی تێدا ژیاون، جگە لە تەورات و پەرستگا و شوێنی عیبادەتیان، هەروەها گۆڕستانی تایبەتیشیان هەبووە.

- لەژێر کاریگەریی هزری ئابووری، جووەکانی کوردستانی عێراق زۆرینەیان لە شارەکان نیشتەجێبوون، بە تایبەتیش ناوەندی شارە گەورەکان، ڕێژەکەشیان بە جیاوازی دابەشببووە سەر هەموو کوردستان.

- هەرچەندە گۆڕانکاریی گەورە لە دابەشبوونیان لەو ماوەیەدا دروستنەبووە، بەڵام ڕێژەکەیان لەنێوان لیوایەکی کوردستانەوە بۆ یەکێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.

- بەهۆی کۆچی بەردەوام بە شێوەیەکی ڕێژەیی بۆ بەغدا و موسڵ دواتر بۆ فەلەستین، ژمارەی جووەکان زیادبوونێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە، کە لەگەڵ گەشەی دانیشتووان گونجاو بێت.

- جیاوازییەکی ئەوتۆ لە دابەشبوونی ڕێژەی نێر و مێ لەنێو جووەکاندا نییە و ڕێژەکانیشیان بەهەمان شێوە لەیەکتر نزیکن.

- لە هەموو ناوچەیەک و ئاوەدانییەکدا جووەکان کەمینەیان پێکهێناوە، جگە لە زاخۆ کە ڕێژەکەیان زیاتر بووە لە پێکهاتەکانی دیکە، هەروەها جگە لە دوو گوند لە ناوچەی بادینان هیچ شار و شارەدێی تایبەت بەخۆیان نەبوو.

## پەراوێزەکان

[١] - لە ماوەی سەدەکانی نۆیەم تاکو حەفتەمی پێش زایینی پاشاکانی ئاشووری کە دەسەڵاتەکەیان لەوپەڕی فراوانیدابوو یەک لەدوای یەک هێرشیان بردۆتەسەر شام و یەهودا و ئۆرشەلیم، هەریەکەشیان دوای سەرکەوتنیان دەسکەوتی مرۆیی و ماددیان هێناوەتەوە ناوچە شاخاوییە سەختەکانی کوردستانی عێراق (احمد سوسة، ٢٠٠١: ٢٣).

[٢] - لەم ساڵەدا پاشای ئاشووری شلیمانسەری پێنجەم پەلاماری (سامیرە)ی دا و(٢٧٢٩٠) کەسی بەدیل برد و دابەشیکردن لە ناوچەکە، بەڵام ئاماژەی دیکە هەن بەهۆی مردنی شلیمانسەر لەکاتی گەمەرۆیەکەدا لە سەردەمی سەرجۆنی ئاشووری گرتن و بەدیل بردنەکە بە ئەنجام گەیشتووە (أندریە لومیر، ٢٠١٦: ٤٢-٤٣ ؛ غوستاف لوبون، ٢٠١٩: ٣٠).

[٣] - دوای دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨، حکومەتی عێراق لە ١٩٥٠/٣/٦ یاسای لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لە جووەکان دەرکرد و لە ١٩٥٠/٣/٩ لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی بڵاوکرایەوە، بۆیە لە ماوەی ١٩٥٠-١٩٥١ زۆرینەی جووەکان کۆچیان کردە ئیسرائیل.

(الوقائع العراقية، ١٩٥٠: العدد ٢٨١٦ ؛ خلدون ناجي معروف. ج٢، ١٩٧٦: ١٢٨-١٣٢).

[٤] - وشەی جیتۆ بە گشتی بەو گەڕەکانە دەگوترێت کە کۆمەڵە خەڵکێکی بەهۆی ڕەنگ و باری کۆمەڵایەتی و جیاوازیی ڕەگەزی تێدا دەژیان، یان ئەو گەڕەکانە بوون کە کەمایەتییەکی ئاینی و تائیفی تێیدا دەژیا، سەرەتا تایبەت بوو بە جووەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، دوایی بۆ گەڕەکە تایبەتەکانی جوو لە هەموو جیهان بەکاردەهات، ئیتر ئەو ناوە بەو گەڕەک و کۆڵان و ناوچانە دووترا کە بە فەرمانی دەسەڵاتداران جووەکانی تێدا نیشتەجێبوون و قەدەغەی چوونە دەریان لەسەربوو، گەڕەکەکان بە شورای بڵندیان دەورەدرابوون بۆ پاراستنیان لە پەلاماردەران، لە دەروازەی گەڕەکەکانیش پاسەوان هەبوون بۆ ڕێگریکردن لە

هاتنەدەرەوەیان لەشەوان و بۆنە ئاینیەکانی مەسیحی، سەرەتا جیتۆی داخراو لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئیسپانیا و ئیتالیا و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا پەیدابوون، دوایی زایۆنییەکان ئەو وشەیان بۆ هەموو شوێنێکی نیشتەجێبوونی جووەکان لە دەرەوەی ئیسرائیل بەکارهێنا، چونکە پێیانوابوو هەموو شوێنێکی جیهان بۆ ئەوان جیتۆیە و بە شورای مادی یان مەعنەوی کە نابینرێن دەورەدراون.

(Louis, Wirth, 1927: 57-71 ؛ Etzioni, Amitai, 1959: 255–262)

[٥] - دیبلۆماتی بە ڕەگەز سویدی و ئەندام و بڕیاردەری لیژنەی نێودەوڵەتی دەرخستنی ڕاستییەکانی کێشەی موسڵ بوو کە کۆمەڵەی گەلان دروستیکرد، پسپۆری کاروباری بەلقان و شارەزای کاروباری دەوڵەتی عوسمانی و گەلانی ناو دەوڵەتەکە بوو (جبار قادر، ٢٠٠٦: ١٠١-١٠٢).

[٦] - کرداری لێدانی بیرە نەوت لە کەرکوک لە نیسانی ١٩٢٧ دەستیپێکرد، لە ١٩٢٩ سەد هەزار تەن بەرهەمدەهێنرا، لە ساڵی ١٩٣٤ بەرهەمهێنان زیادیکرد و گەیشتە ملیۆنێک تەن، لە ساڵی ١٩٣٢ دەستکرا بە ڕاکێشانی بۆڕی، لە کانونی دووەمی ١٩٣٥ هێڵی بۆڕی کرایەوە و دەستکرا بە هەناردەکردنی نەوت بۆ سەر دەریا، بەمەش بەرهەمهێنان لەو ساڵەدا گەیشتە سێ ملیۆن و نیو تەن (میر بصري، ٢٠٠٩: ١٥٧-١٥٨).

[٧] - زاخۆ ١٤٧١، ئامێدی ٧٣٢، زێبار ١٠٠، ئاکرێ ١٠٠٠، دهۆک ٨٤٣ جووی تێدابووە، بڕوانە: (سەلمان عەلی، ٢٠٠٥: ٢٣ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، ٢٠١٣: ٢١٧).

[٨] - ئەو سەرژمێرییە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ ئەنجامدرا، دواتریش هەر دە ساڵ جارێک دووبارە کرایەوە، متمانەپێکراوترینیشیان سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧ ە هەربۆیە کراوەتە بنەمای یەکلاییکردنەوەی زۆر بابەت.

[٩] – لە هەریەکە لە ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٣٤ حکومەتی عێراقی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی باری شارستنی گشتی کە لە ساڵی ١٩٢٦ دامەزرابوو سەرژمێری ئەنجامداوە، بەڵام پرۆسەیەکە لە ئاستی پێویستدا نەبوو چونکە سەرانسەری و وردنەبووە و کەم و کورتی تێدابووە (خليل اسماعيل محمد، ٢٠١١: ٥).

[١٠] – تائیفەی جوو لە عێراق دابەشکاری کارگێڕی تایبەت بەخۆیان هەبوو، بەشی هەرە زۆری جووەکانی کوردستان کەوتبوونە ناوچەی یان بازنەی لیوای موسڵ، بەشەکەی دیکەشیان لە بازنەی دیالە و بەشێکی زۆر کەمیش بازنەی بەغدا، چونکە بەپێی یاسای تائیفەی ئیسرائیلی ژمارە ٧٧ی ساڵی ١٩٣١ و نیزامی تائیفەی ئیسرائیلی ژمارە ٣٦ ی ساڵی ١٩٣١ کە حکومەتی عێراقی دەریچوواند، بەپێی یاسایەکە تائیفەی جوو لە عێراق لە چەند کۆمەڵەیەک پێکدەهات و هەر کۆمەڵەیەکیش لە دانیشتووی ناوچەیەکی دیاریکراو بەپێی سیستەم دادەنران، کە ناوەندەکانیان بریتی بوون لە (بەغدا، بەسرا و موسڵ) (مجموعة قانون الطائفة الاسرائيلية: ١٩٣٢: ٢؛ الوقائع العراقية، ١٩٣١: العدد ٩٨٩)، پاشان بەپێی پاشکۆی سیستەمی تائیفەی ئیسرائیلی ژمارە ٤٨ی ساڵی ١٩٣٢ ناوچە (بازنە)ی دیالەش زیادکرا و ناوەندەکەشی خانەقین بوو، هەر بەپێی سیستەمەکە ناوچەی موسڵ هەر یەک لە لیواکانی موسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکوکی دەگرتەوە (الوقائع العراقية، ١٩٣٢: العدد ١٢٠٧؛ خلدون ناجي معروف. ج١، ١٩٧٥: ١٣٤). دواییش بەپێی یاسای ژمارە ٣٤ی ساڵی ١٩٤٧ جارێکی دیکە لیواکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و ناوچەکانی بادینان هەر لە چوارچێوەی ناوچەی موسڵ مانەوە، خانەقینیش هەر بە ناوەندی ناوچەی دیالە، قەزای (بەدرە)ش لە لیوای کوت کەوتبووە بازنەی بەغدا (خلدون ناجي معروف. ج١، ١٩٧٥: ١٣٤-١٣٥)

[١١] – بۆچوونێک بنیاتنانی زاخۆ و ناوەکەشی بۆ کەسێکی جوو دەگێڕێتەوە بە ناوی (زاکخوا)، (سعيد الحاج صديق زاخويي (سعيد رەزڤان)، ٢٠٢٠: ١٦).

[١٢] – لەم سەرژمێرییەدا بە گشتی لە هەموو عێراق و کوردستاندا ژمارەی ڕەگەزی مێ زیاتر بووە لەچاو نێر، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ

خۆتۆمارنەکردنی بەشێکی ڕەگەزی نێر یان تۆمارکردنیان بە ڕەگەزی مێ لەبەر سەربازگرتنی زۆرەملێ.

[1]٣ – لەوانە مەزاری ناحوم لە ئەلقوش، مەزاری حازان دیڤید و حازان یوسف لە ئامێدی، ئەشکەوتی ئیلیا لە بێتنور، مەزاری دانیال لە کەرکوک، مەزاری ناتانیل هالیڤی لە بارزان و چەندین پەرستگا و قوتابخانەی ئاینی، بڕوانە: (فرست مرعي، أربيل، ٢٠٠٨: ١٩–٢٢).

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


- ئۆفرا بینگۆ (٢٠١٩) *جولەکە و ئیسرائیل لە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژووی کۆن و نوێدا*. و: عەدنان نیلۆفەڕی، چ١، هەڵەبجە، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژار موکریانی.
- ئیسماعیل حاجی نادر (٢٠٢٠/١٢/١) حاجیاوا- ڕانیە، چاوپێکەوتن.
- ئیبراهیم عەبدولرەحمان سلێمان (٢٠٢٠/١٢/١) حاجیاوا- ڕانیە، چاوپێکەوتن.
- ئەحمەد عەبدوڵڵا خدر (٢٠٠٦) *زۆربوونی دانیشتوان و گەشەکردنی دانیشتوان لە کوردستان*. هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
- پشتیوان شەفیق ئەحمەد (٢٠١٢) *شیکردنەوەی جوگرافیایی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە شارۆچکەی رانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)*. چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.
- تەلعەت نەجم ئەحمەد (٢٠٢٢/٥/٧) ڕوست- چۆمان، چاوپێکەوتن.
- جەبار قادر (٢٠٢٢) کەرکوک *نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا*. چ٢، هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.
- حەکیم مەلا ساڵح (٢٠١١) *هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا*. ب١، چ٢، ب.ش، چاپخانەی چوارچرا.
- خەسرۆ گۆران (٢٠٠٢)، *کورد لە پارێزگای مووسڵ*. چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- داوود خاکی (٢٠٠٩) *کەمایەتی جوولەکە لە کوردستانی عێراقدا*. گۆڤاری ئیسرائیل ناسی، ژمارە (١).
- دڵشاد مەحمود عەبدولڕەحمان (٢٠١٩) *بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوک (١٩٢١-١٩٥٨)*. چ١، سلێمانی، بڵاوکراوەی زانکۆی سلێمانی- ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی.

- سدیق سەعید (٢٠٢١/٥/٨) چوارتا- شارباژێڕ، چاوپێکەوتن.
- سیسیل جۆن ئیدمۆندس (٢٠٠٤) *کورد تورک عەرەب*. و: حامید گەوهەری، چ٢، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- سەلاح حسێن ئەحمەد (٢٠٢٠) *سەنگاو لە هەگبەی مێژوودا*، چ١، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
- سەلمان عەلی (٢٠٠٥) *کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا*. پێشەکی و پێداچوونەوە: سدیق ساڵح، ب١، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین.
- شلۆمۆ نەکدیمۆن (٢٠١١) *مۆساد لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ دارمانی ئومێدی ئیسرائیلی و کوردەکان*. و: رەهەند عەبدولغەفور، چ١، ب.ش، ب.چ.
- شەمسەدین سامی (٢٠٠٨) *کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا "قامووسولئەعلامی شەمسەدین سامی"*. و: ئەحمەد تاقانە، چ١، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس.
- عبدالرحمان قاسملوو (٢٠٠٧) *کوردستان و کورد*. و: عبدالله حسن زادە، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- علاءالدین سجادی (١٩٥٢) *مێژووی ئەدەبی کوردی "مێژوو ئەدەب زانیاری"*. بەغدا، چاپخانەی معارف.
- فوئاد حەمە خورشید (٢٠٠٧) *کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا*. و: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، چ١، هەولێر، دەزگای وەرگێڕان.
- فەرهاد عەبدوالعەزیز محەمەد ئەمین (٢٠١٣) *ناوچەی چەم چەماڵ لەنێوان ساڵانی هەردوو شەڕی جیهانی دا (١٩١٨-١٩٣٩) توێژینەوەیەک سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ورامیاری و روناکبیری*. چ١، کەرکوک، چاپخانەی زینە.
- قادر گۆزێ (١٠١٤) *من و شەقڵاوە "ژیاننامە و مێژوو"*. هەولیر، چاپخانەی شەهاب.
- قاسم عولا ئەحمەد (٢٠٢١/٤/١٧) سۆران، چاوپێکەوتن.

- مارف خەزنەدار (٢٠٠٩) *ڕۆژگاری من- پەیدابوون ١٩٣٠-١٩٤٩*. ب١، چ١، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- مامۆستا جەعفەر (٢٠١٧) *مێژووی خانەقی*. ب١، چ١، چاپخانەی تاران.
- محەممەد ئەمین زەکی (١٩٨٤) *دوو تەقەلای بێ سوود*. لێکۆڵینەوە و پێشەکی و پەراوێز: سەباحی غالب، لەندەن، چاپخانەی هەڵوێست.
- مەرعی ئیسماعیل سەرحان (٢٠٢١/٢/٧) دهۆک، چاوپێکەوتن.
- مۆفەق میراودەلی (٢٠١٢) *پشدەر لە هەگبەی مێژوودا*. چ١، سلێمانی، چاپخانەی روون.
- میقداد زیاب (٢٠٢٠/٧/٢) بارزان- مێرگەسۆر، چاوپێکەوتن.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین (٢٠١٣) *بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین- قوتابخانەکانی ڕۆژنامەوانیی کوردی و سەردەمی قەڵەم و موراجعات*. کتێبی دوەم- بەرگی دوەم، بیروت، الدار العربية للعلوم ناشرون.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

- احمد سوسة (٢٠٠١) *ملامح من التاريخ القديم ليهود العراق*. بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
- أندريه لومير (٢٠١٦) *تاريخ الشعب العبري*. ت: أنطوان أ. الهاشم، بيروت، عويدات للنشر والطباعة.
- برهان البرزنجي (٢٠٢٢) *طوز خورماتو التاريخ والشراكة الحقيقية لبني البشر*. ط١، بابل، دار الفرات للثقافة والاعلام.
- پی رەش (١٩٨٠) *بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤*. ب.م، ب.مط.
- جبار قادر (٢٠٠٦) *قضايا كردية معاصرة "كركوك- الانفال- الكرد وتركيا"*. ط١، أربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر.
- جرجيس فتح الله (٢٠٠٢) *يقظة الكرد تاريخ سياسي ١٩٠٠-١٩٢٥*. ط١، أربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر.

- جهان هاشم محمد و نشوان شكري عبدالله (٢٠٢٠) *تطور العلاقة بين إستعمالات الأرض الحضرية و السكان في مدينة زاخو وفق المراحل المورفولوجية ١٩٤٧-٢٠١٧*. مجلة جامعة دهوك، المجلد: ٢٣، العدد:١ (العلوم الانسانية والاجتماعية).
- حاييم ى. كوهين (٢٠١٣) *النشاط الصهيوني في العراق*. ط١، بيروت، منشورات الرضا.
- خلدون ناجي معروف (١٩٧٥) *الأقلية اليهودية في العراق بين سنة ١٩٢١-١٩٥٢*. ج١، ط١، بغداد، مركز الدراسات الفلسطيينية- جامعة بغداد، مطبعة سلمان الاعظمي.
- خلدون ناجي معروف (١٩٧٦) *الأقلية اليهودية في العراق بين سنة ١٩٢١-١٩٥٢*. ج٢، ط١، بغداد، مركز الدراسات الفلسطيينية- جامعة بغداد، دار العربية للطباعة والنشر.
- خليل اسماعيل محمد (١٩٩٨) *اقليم كردستان العراق دراسات في التكوين القومي للسكان*. مطبعة كريستال، اربيل.
- خليل اسماعيل محمد (٢٠١١) *كردستان العراق في ضوء التعدادات السكانية*. اربيل، مطبعة جامعة صلاح الدين.
- سعاد إبراهيم عباس (٢٠٠٩) *الجيتو وأثره في الأدب العبري*. مجلة مركز الدراسات الفلسطينية، العدد (٩)، جامعة بغداد.
- سعيد الحاج صديق زاخويى (سعيد رەزڤان) (٢٠٢٠) *يهود زاخو تاريخهم وتراثهم منذ قدومهم حتى هجرتهم النهائية ١٩٥١*. مراجعة وتقديم: د.غسان وليد الجوادي، ط١، دهوك، مطبعة خانى.
- شكر خضر مراد بازو (٢٠١٢) *شنگال خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٥٠*. تقديم ومراجعة: عبدالفتاح علي البوتاني، ط١، دهوك، منشورات ومطبعة جامعة دهوك.
- صديق الدملوجي (١٩٩٩) *امارة بهدينان أو امارة العمادية*. تقديم ومراجعة: د.عبدالفتاح علي بوتاني، ط٢، اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر.

- صموئيل أتينجر (١٩٩٥) *اليهود في البلدان الاسلامية ١٨٥٠-١٩٥٠*. ت: د.جمال أحمد الرفاعي، الكويت.
- عثمان علي (٢٠٠٨) *الكورد في الوثائق البريطانية*. ط١، اربيل، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر.
- عزيز الحاج (١٩٨٤) *القضية الكردية في العشرينات*. ط١، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
- غوستاف لوبون (٢٠١٩) *اليهود في تاريخ الحضارات الأولى*. ت: عادل زعيتر، الجيزة، مكتبة زهران.
- فرست مرعي (٢٠٠٨) *دراسات في تاريخ اليهودية والمسيحية في كوردستان*. ط١، اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر.
- كاظم حبيب (٢٠١٥) *يهود العراق والمواطنة المنتزعة*. ط١، العراق- بغداد، منشورات المتوسط، ايطاليا- ميلانو.
- گۆران فتحي (٢٠١٣) *مدينة كركوك "موجز تاريخ المساجد والجوامع والتكايا والخانقاهات وكبار رجال الدين فيها*. ت: د.كمال غمبار، تقديم: د.نوري طالباني، ط١، طبع بمساعدة الاكاديمية الكوردية، ب.م.
- مجموعة قانون الطائفة الاسرائيلية رقم (٧٧) لسنة ١٩٣١ و نظام الطائفة الاسرائلية رقم (٣٦) لسنة ١٩٣١، طبعته الجمعية الخيرية الاسرائيلية ببغداد، ١٩٣٢.
- محمود شيخ سين حسو الريكاني (٢٠١٢) *شنگال (سنجار) في العهد الملكي (١٩٢١-١٩٥٨) دراسة تاريخية*. اربيل، من مطلبوعات الاكاديمية الكوردية، اربيل.
- مردخاي زاكن (٢٠١٣) *يهود كردستان ورؤساؤهم القبليون "دراسة في فن البقاء"*. ت: سعاد محمد خضر، ط٢، بيروت، المركز الاكاديمي للأبحاث.
- المملكة العراقية (١٩٥٤) *وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧*. ج١، بغداد.
- المملكة العراقية (١٩٥٤) *وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧*. ج٢، بغداد.

- المملكة العراقية (١٩٥٤) *وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧*. ج٣، بغداد.
- مير بصري (٢٠٠٩) *كركوك مدينة النفط*. في كتاب: مجموعة من الكتاب والباحثين، كركوك مدينة القوميات المتاخية، ط١، اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر.
- هەڵویست عمر قادر (٢٠٠٧) *يهود كردستان "تاريخهم، مواقعهم، اعمالهم، صورهم"*. السليمانية، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر.
- وصفية محمد شيخو السندي (٢٠١٤) *زاخو في العهد الملكي ١٩٢١-١٩٥٨دراسة تاريخية في أوضاعها العامة*. ط١، دهوك، مطبعة محافظة دهوك.
- الوقائع العراقية (١ حزيران ١٩٣١) العدد (٩٨٩).
- الوقائع العراقية (١٩ كانون الاول ١٩٣٢) العدد (١٢٠٧).
- الوقائع العراقية (٩ اذار ١٩٥٠) العدد (٢٨١٦).
- يوسف غنيمة (٢٠٠٩) *نزهة القلوب في تاريخ يهود العراق*. ط٤، لندن، دار الوراق للنشر.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

- Aloni, Oz (2022) *The Neo-Aramaic Oral Heritage of the Jews of Zakho*. Cambridge Semitic Languages and Cultures, Cambridge-UK Open Book Publishers.
- Ben-Yaacob (1961) *Kehillot Yehudei Kurdistan* . (jewishvirtuallibrary.org).
- Encyclopadia Judaica (2007). 2nd Edition, Vol 10, Bibliography: S. Schechter, Saadyana, Thomson Gale.
- Etzioni, Amitai (1959) *The Ghetto-A Re-Evaluation.* Social Forces, vol. 37, no. 3, Oxford University Press.
- Louis, Wirth (1927) *The Ghetto*, Chicago, The American Journal of Sociology, Vol. 33, No. 1, University of Chicago Press.

- Sabar, Yona *(1982) The folk literature of the Kurdistani Jews: an anthology*. New Haven and London Yale University Press.
- Sicron, Moshe (1957) *Immigration to Israel 1948-1953*. Falk project for Ecconomics Research in Israel and Central Bureau of Statistics, Jerusalem.


**ماڵپەڕی مۆزەخانەی گەلی جوو: מוזיאון העם היהודי:**


- מוזיאון העם היהודי، קהילת יהודי אלקוש، https://dbs.anumuseum.org.il
- מוזיאון העם היהודי، קהילת יהודי כרכוך، https://dbs.anumuseum.org.il
- מוזיאון העם היהודי، קהילת יהודי סולימאניה، https://dbs.anumuseum.org.il

**Research Abstract:**

This paper explains the distribution of Jews in Iraqi Kurdistan and their statistics during the period 1921-1951 as an ancient community from the Assyrian period to their migration to Israel, lived in Kurdistan without separation and divided into different regions, while preserving their identity.

The study used official and informal historical documents as the main source of statistics and compared and analyzed the data.

The study showed that Jews were spread throughout Iraqi Kurdistan in different proportions and not attached to a particular region. Wherever there was life, they lived there. They settled more in commercial and economic centers, especially in major cities and border cities.

Keywords: Jewish, Kurdistan, Urban, Rural, Ratio.

**خلاصة البحث:**

توضح هذه الدراسة توزيع اليهود في كردستان العراق وإحصائياتهم خلال الأعوام ١٩٢١-١٩٥١ كمكون قديم منذ العهد الآشوري حتى هجرتهم إلى إسرائيل، فقد عاشوا في كوردستان باستمرار لمئات السنين دون انفصال فتوزعوا على مناطق مختلفة، وفي الوقت نفسه، حافظوا على هويتهم الدينية والاثنية وعايشوا اخوانهم من المكونات الاخرى في مختلف مجالات الحياة فعاشوا معهم بسلام مكونين الفسيفساء الكوردستاني الرائع.

ولقد استفادت الدراسة من الوثائق التاريخية الرسمية وغير الرسمية كمصدر رئيسي للإحصاءات، مما أدى الى مقارنة تلك البيانات الواردة فيها وتحليلها.

ووجدت الدراسة أن اليهود كانوا منتشرين في جميع أنحاء كوردستان العراق بنسب متفاوتة ولا يرتبطون بمنطقة معينة، فأينما وجدت مقومات الحياة كانوا يعيشون هناك، واستوطنوا أكثر في المراكز التجارية والاقتصادية، وخاصة في مراكز المدن الكبرى والبلدات الحدودية التجارية على الحدود الإيرانية والتركية، مما أدى إلى زيادة عدد سكانهم في المناطق الحضرية مقارنة بسكان الريف، وهذا مما يفسر مكانة اليهود المتعددة الأبعاد في كوردستان.

الكلمات المفتاحية: يهود، كردستان، حضري، ريفي، نسبة.